# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٦٥

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٦٥ – خاکەلێوەی – مارسی ٢٠٢٥


### سەروتار

## داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان

## دەسەڵاتداریەتی حیزبەکان یان دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک؟

کوردستانی ئێران لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە ناوەندە پڕگڕوتینەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەدژی کۆماری ئیسلامی بووە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لە جەرگەی ئەم خەباتەدا، بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی و لەسەر بەستێنی ئەم خەباتە سیاسەت و کردەوەی حیزبە سیاسییەکانی ئێستا لە کوردستانیان تاقیکردەوە . بەشێک لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراوی کوردستان لە جەریانی ئەزموونی خەباتی خۆیاندا و لە ئاکامی چالاکی هوشیاریدەرانەی کۆمەڵە و هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی دیکە، لە نادروست بوونی زۆرێک لە سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان ئاگادار بوونەتەوە. بەڵام ئەم حیزبانە هەروا لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا هەن و بۆ پێشخستنی ستراتیژی سیاسی خۆیان هەوڵ دەدەن. حیزبە ناسیۆنالیستەکان زیاتر لە بیست ساڵ خەڵکیان بەرەو هاوئاراستەیی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی هاندا و لە جەریانی شانۆکانی هەڵبژاردنی حکوومەتدا بە درۆی هەڵبژاردنی خراپ لە بەرامبەر خراپتردا پێشنیاریان پێ دەکردن کە دەنگ بە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بدەن. گەلێک جار دڵیان بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ڕژیم خۆش کرد و خەڵکیان هان دا کە دەست لەسەر دەست دابنێن و چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو دانوستانانە بن. خەڵکیان بە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لە ئاستی سەرتاسەری، کە پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران بەشێک لە پێناسەی ئەوان بوو، دڵخۆش دەکرد. لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، هێندێکیان لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان هاوپەیمانییان پێکهێنا و هەوڵیان دا دەستی خەڵکی کوردستان بخەنە ناو دەستی فاشیستەکانەوە و یان هیوادار بوون بە فشاری زۆرینەی دەوڵەتی ترامپ و تەبلیغیان بۆ دەکرد. بەشێک لە خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی ئەزموونی خەباتی خۆیانەوە، بە نادروست بوونی ئەم سیاسەتە گەیشتوون

کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بە ئەزموونی خەباتی خۆیان بۆیان دەرکەوتووە کە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی



## پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی

## پەیامی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

### بەبۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێ



## بۆ یادی گیان بەختکردووانی کۆمۆنیستی گوردانی شوان

## بۆ یادی گیان بەختکردووانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨

گۆڤاری پێشڕەو

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۶۵ – خاکەلێوەی – مارسی ۲۰۲۵

کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەرتاسەری ئێران یەکبگرن. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە ئاخێزی خەزەڵوەری ساڵی ۹۸ی هەتاویدا و بە پێشەنگایەتییان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، بە گیانفیدایییەکانیان لە بەرامبەر سەرکوتگەری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری نیشانیان دا کە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان دەبێ ڕێگای یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێران بگرنە بەر. بەڵام سەرەڕای ئەم ئەزموون و هوشیارییەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵک بەگشتی بەدەستیان هێناوە، حیزبە سیاسییە چەپ



و ڕاستەکان لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا حزووریان هەیە و حیزب و لایەنە ناسیۆنالیستەکان بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدەن

لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا هەوڵێکی تازە دەستپێکردووە بۆ ئەوەی هەموو حیزب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکان لە هاوپەیمانییەکدا کۆبکنەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی کە پتر لە ۲۵ ساڵ لەوەپێش لەلایەن پەکەکەوە پێکهێنرا، ماوەیەکە بۆ بانگهێشتکردنی پارتە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو دەستپێشخەری کردووە. یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو لایەن و هێزانە لەسەر ئەم بابەتە بەڕێوەچووە و بڕیارە بەردەوام بێت. ئامانجی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەم بەرە یان هاوپەیمانییە تەنیا چڕکردنەوەی هێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆماری ئیسلامی نییە. لەم بوارەدا "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" وە یان "پژاک" وەک یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەم کۆڕە کارنامەیەکی باشیان نییە و هیچ کات لە خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی ستراتێژییەکی ڕوونیان نەبووە. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەمیشە ئاڵاهەڵگری دانوستان و ئاشتەوایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بووە. ئەم حیزب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیستییانە ئەگەر ناکۆکییەکانیان تێپەڕێنن و لەژێر هەر ناوێکدا ئەم بەرەیە پێکبهێنن، لە ڕاستیدا بەردی بناغەی دەسەڵاتداریەتی سیاسی حیزبەکانی کوردستانیان لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی داناوە. نەخشەڕێگای ئەم حیزبانە ئامادەکارییە بۆ حوکمڕانی حیزبی لە "دەورەی گوزار"ی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا

سەرنج بدەنە وتەی هێندێک لە سەرکردەکانی ئەم حیزب و ڕێکخراوانە، بە ئاشکرا باس لە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو، سوپای نیشتمانی و یان ئەرتەشی کوردستان دەکەن. لە ڕوانگەی سەرکردەی ئەم حیزبانەوە ئەم سوپا نیشتمانییە لە قۆناغی گوزار یان ئینقالیدا دەبێ لەژێر فەرماندەیی حیزبەکاندا بێت و لەدوای کۆتایی دەورەی گوزار و پێکهاتنی پارلەمان بچێتە ژێر فەرمانی ناوەندی دەوڵەتەوە. ئەم هێزانە بە ئاشکرا باس لە پێویستی پێکهێنانی دەزگای میدیایی هاوبەش و نوێنەرایەتی واحد دەکەن. واتە دەیانهەوێ پێشوەختە و لە سەرەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناوەندە حکوومەتییەکان پێکبهێنن. سەرانی ئەم حیزبانە بەئاشکرا دەڵێن کە ئەم کارانە پێویستە. تا لە کاتی ڕاپەڕینی خەڵکدا بشێوی و هەرج و مەرج دروست نەبێت. سیلۆ و ئەنبارەکانی دانەوێڵە، کەلوپەلی نەخۆشخانەکان، خوێندگا و زانکۆکان تاڵان نەکرێن. لەڕاستیدا ئەم حیزبە ناسیۆنالیستانە لە کوردستان بە چاولێکەری لە ئەزموونی کوردستانی عێراق دەیانهەوێ هەر ئەم ئەزموونە لە کوردستانی ئێرانیش تاقی بکەنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەزموونی دەسەڵاتداری حیزبەکان لە کوردستانی عێراق نەتەنیا نەیتوانیوە بەشداری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە بەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا دەستەبەر بکات، بەڵکوو دەسەڵاتی حیزبەکان و حکوومەتە پارلەمانییەکەیان بووەتە ئامرازێک بۆ دوور ڕاگرتنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. لە بەرامبەر ئەم هەوڵ و پرۆژانەدایە کە کۆمەڵە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسایەتییە تێکۆشەرە چەپ و سۆسیالیستەکان لە شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستاندا کۆبووینەوە و ئەڵترناتیڤی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستانمان گەڵاڵە کردووە و لەپێناو وەدیهاتنیدا تێدەکۆشین

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین لە قۆناغێکدا کە پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران سست و لاواز بووەتەوە، لە قۆناغێکدا کە لە ڕاپەڕینی شار نزیک بووینەتەوە، لە قۆناغێکدا کە ئازادییە سیاسییەکان، بەشێوەی دیفاکتۆ و بەکردەوە بەسەر ڕژیمدا دەسەپێن، لە وەها قۆناغێکدا شۆراکانی خەڵک لە گەڕەکەکانی شار و شاروچکە و گوندەکان بەخێرایی پێکدێن و لەگەڵ دروستبوونی هەرجۆرە بۆشاییەکی ئیداری و بەڕێوەبەری لە هەر بەشێک لە کۆمەڵگا، شۆراکان و ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەری دەتوانن ئەم بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. لە کاتێکدا کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان خەڵک لە بشێوی و تاڵانکرانی نەخۆشخانە و سیلۆکان لە قۆناغی ڕاپەڕین دەترسێنن، ئێمە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە شۆرای پەرستاران و پزشکان و پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکانی کوردستان دەتوانن بە باشترین شێوە ئیدارە و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکان لە کوردستان وەئەستۆ بگرن. شۆرای کرێکاران لە سیلۆکان دەتوانن کۆنتڕۆڵ و ئەمنیەتی سیلۆکان بگرنە دەست. شۆراکان یان ئەنجومەنەکانی مامۆستایان کە هەر لەئێستاوە سەریان هەڵداوە و خەریکە گەشە دەکەن، دەتوانن بە باشترین شێوە بواری پەروەردە و فێرکردنی کوردستان بەڕێوەبەرن. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەڕێگەی هەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە کە هەموو لەگەڵیان ئاشنان، دەتوانن لە هەموو پرسێکی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردنی شاردا بەشداربن و لەم ڕێگەوە لە ئیدارە و بەڕێوەبەری کۆمەڵگا و لە داڕشتنی سیاسەتدا بەشداری بکەن

شۆراکانی خەڵک لە کوردستان دەسەڵات و مەشرووعییەت و ڕەوابوونیان لە هیچ ناوەندێکی دەوڵەتی یان حیزبێکی سیاسی دیاریکراو وەرناگرن. بەڵکوو دەسەڵاتی خۆیان لە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەر وەردەگرن. ڕەوابوون و مەشرووعییەتی خۆیان لە ئیرادەی ڕاستەخۆی ئەو جەماوەرە وەردەگرن کە بڕیاریان داوە بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن

جەماوەری خەڵک کە بە داهێنانی خۆیان شۆراکانیان پێکهێناوە و ناوەندەکانی دەسەڵاتی خۆیان دامەزراندووە، دەتوانن لەجیاتی پۆلیس و ئەرتەش و سوپای نیشتمانی و ناوەند و دامەزراوەکانی دابڕاو لە خەڵک، دەست بدەنە




چەکدارکردنی گشتی. خەڵک بە چەکداربوونیان لە ئاستی جەماوەریدا بەرگری لە دەستکەوتەکانی خۆیان دەکەن. لە پێکهاتەیەکی شۆراییدا بەرپرسان لە هەر ئاست و پلەیەکدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و بە ئیرادە و بڕیاری خەڵک دەکرێ لە کارەکانیان دووربخرێنەوە. شۆراکانی خەڵک هەم یاسا دادەڕێژن و هەم یاسا بەڕێوەدەبەن. حکوومەتی شۆرایی لە هەمان کاتدا کە دەزگا و ناوەندەکانی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێکدەشکێنێت و ناوەندەکانی حکوومەتی شۆرایی دەخاتە جێگایان، وەدیهاتنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە بواری دابینکردنی ئازادی سیاسی، دادگایی کردن و سزادانی دەست و پەیوەندەکانی ڕژیم کە لە سەرکوتی خەڵکدا دەستیان بووە، کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی، بەرابەریی ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە، دابینکردنی مافی تاکەکەسی و داواکاری خۆشبژێوی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و هیتر دەخاتە دەستووری کاری خۆیەوە

لەژێر دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە باشترین و دیموکراتترین شێوە دیتە دی. مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان تەنیا ئەوە نییە کە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژێکی دیاریکراودا و لە ڕێفراندۆمێکدا لەسەر جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و یان مانەوە لە چوارچێوەی ئێران وێڕای زەمانەتکردنی مافی یەکسان لە هەموو بوارەکاندا بڕیار بدەن، بەڵکوو بە مانای ئەوەیەکە لە هەر حاڵەتێکدا بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەڕێوەبردنی ئابووری و سیاسەت لە

دەستی خۆیاندا بێت

بەو پێیەی پرسی پەیوەندیدار بە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە داهاتووی کوردستان یەکێک لە گرینگترین پرسەکانە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا، ئەمانە دەبێ هەر لەئێستاوە بە خەڵکی کوردستان بڵێین. خەڵک دەبێ وێنەیەکی ڕوونیان لە شێوازی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا، لە مانای دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لەبەرچاو بێت تا بۆ دامەزراندنی خەبات بکەن. کرێکاران و زەحمەتکێشان




و ژنانی ئازادە و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، دەبێ لە بەرامبەر پڕۆژەی دەسەڵاتداریەتی حیزبەکاندا، پڕۆژەی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی دابنێن

کۆمەڵە لە هەمان کاتدا واقعییەتی بوونی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای کوردستان بەڕەسمی دەناسێت. کۆمەڵە لەو ڕاستییە ئاگادارە کە حیزبە سیاسییەکان بە ئیرادەی هیچ هێزێک لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا ناسڕدرێنەوە. کۆمەڵە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە حیزبە سیاسییەکان بە ئاراستەی سیاسی جیاوازیشەوە دەتوانن لەڕێگەی مێکانیسمی هەڵبژاردنی شۆراکانەوە لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بەشدار بن. واتە حیزبە سیاسییەکان نەک بەپێی ئیعتباری مێژوویی و چالاکییەکانی ڕابردوویان، بەڵکوو دەبێ بخرێنە بەر قەزاوەتی خەڵکەوە و مەشرووعییەتی خۆیان لە دەنگی خەڵک وەرگرن و لە ڕێگەی میکانیزمی هەڵبژاردنی ئازادی شۆراکانەوە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکەن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. واتە هەم لە ڕێگەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، وە هەڵبژێردران لە شۆراکانی گەڕەکەکان، شارەکان و ناوچەکان لە دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی کۆمەڵگادا دەورونەخشیان بێت و هەم لەڕێگەی چالاکی سیاسی ئازادانەوە، کۆمەڵگا و حکوومەتی شۆراکان بخەنە ژێر کاریگەری سیاسەت و ڕێکارەکانیان

کۆمەڵە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لە پێکهاتەیەکی شۆراییدا بە دەسەڵات بگەن. ئێمە دەمانهەوێ ئەم ئومێد و ئیمکانە بەهێز بکەین و داواش لە هەموو هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە و چەپ و سۆسیالیستەکانی کوردستان دەکەین کە ماندوویی نەناسانە لەم پێناوەدا تێبکۆشن

❊❊❊

# پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
## بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی

**ژنان و پیاوانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!**

وێڕای سڵاو و ڕێز و خۆشەویستیمان، لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی نەورۆز و ساڵی تازەتان لێدەکەین. ساڵێکی پڕ لە شادی و زاڵبوون بەسەر ئاستەنگییەکانی ژیان و پێشڕەوی و سەرکەوتن لە خەبات دژبە نیزامی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بۆ ئێوەی ئازیز بە ئاوات دەخوازین. هیواداریـن ساڵی ١٤٠٤، ساڵی سەرکەوتنی ئێوە خەڵکی خەباتکار بەسەر حاکمانی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی و ساڵی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستە بێت. هەر بەم بۆنەوە گەرمترین سڵاو و ڕێزمان ئاراستەی هەموو زیندانییانی سیاسی لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەکەین. ئەو زیندانییانەی کە بە خەباتی بێباکانە و نەپساوەی خۆیان بەرانبەر بە حکوومەتی ئیسلامی، سیاچاڵەکانی ڕژیمیشیان کردووەتە مەیدانی خەبات دژبە سزای ئێعدام و خەبات بۆ ئازادیی زیندانییانی سیاسی

**ژنان و پیاوانی تێکۆشەر!**

ئەمساڵیش سەرەڕای هەوڵی ناوەندەکانی فریو و خورافە و سەرکوتی ڕژیمی ئیسلامی و لە ژێر سێبەری هەڕەشە و بانگگردنی چالاکانی کۆمەڵایەتیدا، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە شکۆدارەکانی نەورۆز بە شادی و سەما و ئاواز و هەڵپەڕین، بە لەبەرکردنی جلی ڕەنگاوڕەنگ، یاسای کۆنەپەرستانە و ڕەشپۆشی حکوومەتی ئیسلامیتان تێکشکاند و بۆ جارێکی تر نیشانتاندا کە کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئیمکاناتی خۆیەوە نەیتوانیوە فەرهەنگی پرتووکاو و کۆنەپەرستانەی خۆی بەسەر ئێوەدا بسەپێنێ. ئێوە بە داهێنانی خۆتان ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیشتان بەکردەوە کردووەتە هەڵمەتێک بۆ پاشەکشەپێکردن بە سیاسەتی حیجابی ئیجباری. ئەم فیستیواڵێ شادیبەخشانە یەکێک لە نیشانەکانی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە

**جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان!**

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا پێشوازی لە ساڵی تازە دەکەین کە کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین قۆناغی مێژووی نەکبەتباریدایە. لەماوەی ئەم ساڵەدا کە تێپەڕی، سیاسەت و ستراتێژی شەڕی پێشگرانەی حکوومەتی ئیسلامی کە سەدان ملیارد دۆلاری لە بەرهەمی ڕەنج و کاری ئێوەی لەپێناودا بەفیڕۆ داوە، بەرەوڕووی شکستێکی تەواو بووەوە. هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاومەت"ەکەی کە ئامرازی حکوومەتی ئیسلامی بۆ ملهوڕی لە سات و سەودا و فراوانخوازییەکانیدا بوو، لێکهەڵوەشان. قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، وێرانبوون و تێکچوونی ژێرخانەکان، قەیرانی وزە و دەرئەنجامەکانی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، ئابووری ئێرانی گەیاندووەتە لێواری داڕمان

بەداخەوە باری قورسی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری ڕژیم کەوتووەتە سەر شانی ئێوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران. دووکەڵی تەوەرۆمی سەرووی ٦٠ لەسەدی خانوو، دەرمان و خۆراک،



دووکەڵی هاتنەخواری ڕۆژ لە دوای ڕۆژی نرخی ڕیاڵ بەرامبەر بە دۆلار، دووکەڵی درێژەی گەمارۆکان و هیتر، بەر لە هەمووان چووەتە ناو چاوی ئێوە و سفرەکانتانی بەتاڵتر و بێ ڕەونەقتر کردووە. لە کاتێکدا کە خەرجی سەبەدی بژێو لە مانگدا گەیشتووەتە ٥٠ ملیۆن تمەن، حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری، ژیان و گوزەرانی زۆربەی بنەماڵە کرێکار و زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگای خستووەتە ژێر فشارێکی لەتاقەت بەدەرەوە

ئەوە لە کاتێکدایە کە کاربەدستان و بەرپرسان و دەست و پەیوەندە دز و گەندەڵەکانی دەزگای ڕووحانییەت و سپای پاسداران بە ڕانتی حکوومەتی و ئیختلاس و دزیی هەزاران ملیارد تمەنی لە بەرهەمی ڕەنج و کاری ئێوە، ژیانێکی ئاسوودە و شاهانەیان بۆ خۆیان پێکهێناوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە حکوومەتی ئیسلامی چەمەدانە پڕ لە دۆلارەکانی بەرهەمی کاری ئێوە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بۆ ساغکردنەوەی حیزبوڵڵا، جهادی ئیسلامی، حەماس و گروپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی دیکە دەنێرێ. بەڵام کاتێک ئێوە داوای زیادکردنی حەقدەست بەپێی خەرجییەکانی ژیان و ئاوسان دەکەن، دەوڵەتی پزشکیان دەڵێ نیمانە و بەرەوڕووی هێرشی هێزی دەزگای سەرکوتی ئەمنییەتی، ئینتزامی و بەڕەڵاکانی بەسیجی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەردان دەبنەوە

بەڵام ئێستا کۆمەڵگای ئێران چووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە. بزووتنەوەی کرێکاری بە مانگرتن و نارەزایەتیی بەردەوام و ڕوو لە گەشەی، بزووتنەوەی خوێندکاری بە چالاکییە تازەکانی، بزووتنەوەی ژنان بە پێشەنگایەتی لە هەموو بزووتنەوە ئیعترازییەکان و خستنە ژێر پێینانی هەموو یاسایەکی کۆنەپەرستانە و دژەژن، بزووتنەوەی پەرستاران و بزووتنەوەی موعەلیمان و خانەنشینان بە ڕێکخراوەی سەرتاسەری و نارەزایەتیی بەردەوامیان، مەیدان و شەقامی شارەکانیان کردووەتە

# پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی

بەهار، هێمای بووژانەوە و تازەبوونەوە بە باوەشی پڕ لە سەوزەڵانی و گوڵەوە لە کاتێکدا دێت کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەند کردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە هەڵواسینی تەنافی مەرگ بەسەر سەری ژنان و پیاوانی تێکۆشەر و ئازادیخواز، بە ڕفاندنی نانی سەر سفرەی هەژاران و بە بێبەش کردنیان لە ئاو و بەرق و هەوای پاک، غەم و پەژارە و ئازاری تاقەتپڕووکێنی بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاندووە. بەم حاڵەوە درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران، خانەنشینان، موعەلیمان، خوێندکاران، بەندکراوانی سیاسی، نووسەران، دادخوازان و ڕەزم و خەباتی ژنانی



ئازادیخواز کە نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزی زاڵیان لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بردووەتە ژێر پرسیارەوە، هیوای ساڵێکی جیاواز و پڕ لە ئاڵوگۆڕی خستووەتە ناو دڵی هەموو ئازادیخوازان و کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە. ئەگەر هاتنی بەهار نیشانەی توانەوەی سەهۆڵەکان و تێپەڕینی وەرزی سەرما و بەستەڵەکی زستانە، لەلایەکی دیکەوە درێژەی ئەم خەباتە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بەشێوازی جۆراوجۆر و جەژنە پڕگڕوتینەکانی نەورۆز لە کوردستان نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مەزن لە هۆشیاری ئەو جەماوەرەدایە کە بڕیاریان داوە بە شێوەی شۆڕشگێڕانە لە زستانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران تێپەڕن. شۆڕشگێڕان و ئاڵوگۆڕخوازان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەدوور لە چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، بەدوور لە زوڵم و ستەم و تاریکبیری، کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشبژێو مومکینە. کۆمەڵگایەک کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی گشتگیر جێگەی کۆیلایەتی و جیاکاری و نایەکسانی و بێبەشی دەگرێتەوە و دەرفەتی یەکسان بۆ گەشەکردن و پشکوتنی داهێنان و تواناکانی ئینسان دابین دەکرێت.

بەڵام خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر بە بێ خەباتی یەکگرتووانە و هێنانە مەیدان و ڕێکخستنی چینی کرێکار واتە تەنیا چینێک کە هیچ قازانجێکی لە پاراستنی موناسباتی کۆنی بەرهەمهێناندا نییە، لەئاستی کۆمەڵایەتیدا بەسەرکەوتن ناگات. چینی کرێکارێک کە ئاسۆیەکی ڕوونی لە ڕێگای پێشڕەوی و قۆناغەکانی سەرکەوتنی خۆی هەبێت. چینێک کە توانیبێتی هەموو زەحمەتکێشان و بەشمەینەتانی کۆمەڵگا و بزووتنەوە پێشڕەو و ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگای لەگەڵ خۆی یەکگرتوو و هاوڕێ کردبێ و ڕێبەریکردنی هەموو کۆمەڵگا لەم ئاڵوگۆڕە گەورە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا وەئەستۆ بگرێت. تەنیا لە ڕەوتی ئەم خەباتەدایە کە چینی کرێکار توانا و هێزی کۆمەڵایەتی خۆی دەناسێت. لە هەر سەرکەوتن و پاشەکشە و شکستێک بۆ درێژەی حەرەکەتی خۆی هێزی لێوەردەگرێت، هوشیارتر دەبێت، ڕێکخراوتر هەنگاو دەنێت و بەدیلی سیاسی خۆی پێکدێنێت و لەئاستی گشت کۆمەڵگادا هۆگرایەتی پێدەبەخشێت

مێژوو گەلێک جار نیشانی داوە کە کاتێک کرێکاران و جەماوەری بەرینی بێبەش و چەوساوە یەک دڵ و هاودەنگ بۆ ڕزگارکردنی خۆیان دێنە مەیدانی نەبەرد، نەبەردێکی هەمەلایەنە دژبە ستەمکاران و دەسەڵاتەکەیان، هیچ هێزێک بەرگەیان ناگرێ. گۆڕینی ئەم بارودۆخە، زاڵبوون بەسەر خاڵە لاواز و کەموکوڕییەکان، پەرەپێدانی متمانەبەخۆیی و باوەڕ بە هێزی خۆ لەناو جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش، کردنەوەی ئاسۆیەکی ڕوون لەبەردەم کۆمەڵگا، هەر هەموویان لە جەرگەی خەباتی پڕگڕوتینی ئێستادا مومکینە. خەباتێک کە هەتا ئێستا جیلێک لە ڕێبەرانی لە دڵی خۆیدا پەروەردە کردووە و هێناویەتە مەیدان، بەردی بناغەی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی بەرەی کار و زەحمەتی داناوە و هیوای ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانی بەهێز کردووە. دەورونەخشی چالاکانی سۆسیالیست لە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی دیکەدا، ڕۆڵ و پێگەیەک کە لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی مەزنی چەپی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕن، بە هیچ کار و چالاکییەکی تر جێگای پڕ ناکرێتەوە. لەم قۆناغەدا پێویستە هەموو هێزی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە بخرێتە خزمەت بەهێزکردنی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەری سیاسی سەرتاسەری. بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی سۆسیالیستی و ڕزگاریبەخش، ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و کۆمۆنیستە ڕێکخراو و حیزبییەکان دەبێ بە یەک بگەن و پەیوەندی سیاسی و مەعنەوی خۆیان بکەنە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک. لە کاتکێدا کە هێزە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لە کەمیندان بۆ ئەوەی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بە یارمەتی دەسەڵاتەکانی ڕۆژاوا لەسەر سەری خەڵکەوە دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و ڕژیمێکی سەرمایەدرای دیکتاتۆری غەیری دینی بخەنە جێگای حکوومەتی ئیسلامی، هەوڵی ماندوویی نەناسانە بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی سۆسیالیستی کە جەماوەری مەزنی خەڵکی ستەمدیدەی ئێران بتوانن بۆ ڕزگاری لە چنگ حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران و ڕزگاری لە جەهەنەمێک کە بەرپای کردووە ئۆمێدی پێ ببەستن، سەد هێندە گرینگ بووەتەوە

ئەگەر سرووشت لە دڵی بەردی سەخت و سارد و بەستوودا دەبووژێتەوە، هێوای دامەزراندن و بەرپاکردنی جیهانێکی بەدوور لە ستەم، جیهانێکی شیاوی ئینسانی ئەمڕۆ، دەمێکە لە ناو بەردی بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری ئیسلامیدا بووژاوەتەوە و هەموو ڕۆژێ ژمارەیەکی زیاتر لە ئیسانەکان بە سەنگەری خەبات دژبە ڕژیم لەپێناوی وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە توانا و پۆتانسیەلێکی زۆر کە هەیەتی، هەروا زیندوو و پڕ گڕوتینە و بووەتە پایەیەکی سەرەکیی هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە ئەزموون و پێشینەی خەباتکارانەی خۆی دەتوانی لە پەیوەند لەگەڵ باقیی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی سەرتاسەریدا، لە ئامادەکاری و ڕێکخستنی مانگرتنی سیاسیی جەماوەری دەورونەخش بنوێنێت. درێژە و پێشڕەویی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بووەتە مۆتەکەی سەران و فەرماندەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و خەوی لە چاویان تاراندووە

هاوڕێیانی تێکۆشەر و هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی چەپ و سۆسیالیستی کوردستان!

لەئێستادا کۆماری ئیسلامی لە قەیراناویترین قۆناغی تەمەنیدایە و کەوتووەتە بنبەستەوە و ناتوانێ وڵامی داخوازیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتێکشی کۆمەڵگا بداتەوە. ئاسۆیەک بۆ کرانەوەی کەشی سیاسی لە حکوومەتی ئیسلامیدا نابیندرێت. ڕژیم دەزانێ کە هەرجۆرە پاشەکشەیەک لە بەرامبەر مانگرتن و ئیعترازاتی ئێوەدا بەمانای کۆتایی تەمەنیەتی. تەنیا ئامرازی درێژەی حکوومەتی ئیسلامی سەرکوت و ئێعدامە کە لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای ئەوەیکە بەشێوەی وەحشیانەتر بەڕێوەی بردووە، بەڵام ئەم ئامرازەشی کاریگەریی ڕابردووی خۆی لەدەست داوە و ناتوانێ کۆمەڵگای پێ چاوترسێن بکات. لە وەها بارودۆخێکدا دەورونەخشی ڕێبەریی ئێوە لە پەرەپێدان بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان، لە ڕێکخستنی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکان، لە پێکهێنانی شۆرا و کۆمیتەکانی گەڕەکەکان، لە پەرەپێدانی وتاری دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی لەناو ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان بەشێک لە ئەولەوییەتی کاری ئێوەیە لەپێناو ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێدەچێ لەو نزیکانە بێتە ئاراوە و بیساتی ئەم ڕژیمە کۆنەپەرستە سەرمایەدارییە تێکەوەدەپێچن

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، جارێکی دیکەش پیرۆزبایی هاتنی نەورۆز و بەهار و ساڵی تازە لە هەموو ئێوە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەکا و لە خەبات دژبە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی ئاواتی سەرکەوتنی یەکجاری بۆ هەمووان دەخوازێت

**نەورۆز و بەهارتان لێ پیرۆز بێت**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاوی

مارسی ٢٠٢٥ زایینی

***

بەرەی دامەزرێنەرانی لێبڕاوی جیهانێکی تر پەیوەست دەبن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەورۆز و ساڵی تازە، ئەم بزووتنەوە پڕگڕوتین و یەکگرتوو و پڕ لە ژیانە، لە هەموو ئەو خەڵکەی جەژنی بۆ دەگرن، لە بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی، لەو دایکانەی تۆوی ئازادییان چاند، لە بەندکراوانی سیاسی کە بەندیخانەشیان کردووەتە سەنگەری خەبات دژبە سزای ئێعدام و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، سەمیمانە پیرۆزبایی دەکەین

**بەهار و نەورۆزتان لێ پیرۆز بێت**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٨ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٨ی مارسی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# بۆ یادی گیان بەختکردووانی کۆمۆنیستی گوردانی شوان

٣٧ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا هاوکات لەگەڵ دوایین مانگەکانی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، ناوچەی دەشتی شارەزوور لە کوردستانی عێراق بوو بە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی، کە تێیدا هەزاران کەس لە خەڵکی بێدفاعی دانیشتووی ئەم ناوچەیە، ژن و پیاو و منداڵ و پیر و لاو، بەهۆی بۆمبارانی شیمیایی ئەرتەشی جەنایەتکاری ڕژیمی عێراق، گیانیان بەختکرد

لەو نێوەشدا کۆمەڵە کە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران وعێراقدا، بە دروشمی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ، دژ بەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە هەڵوێستی گرتبوو و بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی لە مەیدانەکانی بەدوور ڕابگرێ، ئەمجارەیان سەرەڕای دژایەتی کۆمیتەی تەشکیلاتی ناوچەی سنە و ئەو هۆشدارانەی کە دران، لەئاکامی سیاسەت و بڕیارێکی نادروستی ڕێبەری ئەوکاتی کۆمەڵە واتە جێگرکردنی یەکێک لە گوردانە ڕەزمییەکانی تەشکیلاتی ناوچەی سنە لە ئاوایی سنووری بیارە، گوردانی شوان نەخوازراو کەوتە داوی ئەو شەڕەوە و بەهۆیەیوە کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان خەسارێکی قەرەبوونەکراوەی بەرکەوت. ئاوایی بیارە لە ناوچەی هەورامان کە گوردانی شوان لەوێ جێگیر کرابوو لە خاکی عێراق دایە و لە نزیکی سنووری کوردستانی ئێران هەڵکەوتووە. ئەو سەردەم بەشێک لە دانیشتووانی ئاوایی کە نیگەرانی هەڵگیرسانی شەڕ بوون ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو. لە مەودای نێوانی شوێنی جێگربوونی گوردانی شوان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، نە خەڵک، نە هێزەکانی ئەرتەشی عێراق و نە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق حزووریان نەبوو. بەرزاییەکانی ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا بوون، بەجۆرێک کە هێزەکانی ڕژیم دەیانتوانی بە خۆمپارە و چەکی نیوەقورسی دیکە نائەمنی پێک بێنن. لەڕاستیدا بیارە بە هیچ پێوەرێکی نیزامی شوێنێکی گونجاو نەبوو بۆ حەسانەوە و هێزگرتنەوەی پێشمەرگەکان

نزیکەی حەوتوویەک بەرلە کارەساتی گوردانی شوان، هەم لەلایەن خەڵکەوە و هەم لەلایەن هاوڕێیانی خۆمان کە لە ناوچەکەدا بوون هەواڵ و ڕاپۆرت سەبارەت بە جموجۆڵی هێزەکانی ڕژیم بە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و ڕوونووسەکەی بە کۆمیتەی ناوچەی سنە دەگەیشت کە باسی هێرشی چاوەڕوانکراوی ڕژیمان بۆسەر ناوچەکەیان دەکرد. گوردانی شوان و فەرماندەییەکەی لەم جمووجۆڵانە ئاگاداربوون و لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواودا بوون. دوو ڕۆژ بەرلە کارەساتەکە هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد کە جمووجۆڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە بەرزاییەکانی ناوچەکە زیاتر بووە و جاروبار دەورووبەر و خودی پردی "زەڵم" واتە ڕێگای پەیوەندی بۆ پاشەکشە، خۆمپارەباران و تۆپباران دەکات

بەیانی ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەممە هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی فەرماندەی نیزامی گوردانی شوان لەڕێگەی بێسیمەوە



فەرماندەی نیزامی تەشکیلاتی ناوچەی سنە ئاگادار دەکاتەوە کە هێزەکانی ڕژیم بەرەو بەرزاییەکانی شوێنی جێگیربوونی گوردانی شوان پێشڕەوییان کردووە. ئەگەرچی بەپێی بڕیاری نادروست و قەراری پێشووی ڕێبەری کۆمەڵە، گوردانی شوان لەژێر فەرماندەیی ڕاستەوخۆی کۆمیتەی ناوچەی سنە و فەرماندەیی تەشکیلاتی سنەدا بوو، بەڵام هاوڕێ شۆکێ بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێی فەرماندەی نیزامی تەشکیلاتی ناوچەی سنە (تیپی ١١ی سنە) بڕیاریان دا کە دەستبەجێ لە گوندی بیارە بڕۆنە دەر، بەڵکوو بتوانن لەڕێگەی پردی "زەڵم"ەوە بەرەو ناوچەی سەید سادق پاشەکشە بکەن. بەڵام لە نزیکی ئەم ناوچەیە ئاگادار بوونەوە کە هێزەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی "بەرەی کوردستان"ی عێراق بەشێکی بەرین لە ناوچەکەیان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و پردی سەرەکی کە بۆ درێژەدانی ڕێگای خۆیان دەبووایە لێی تێپەڕن، لەلایەن ئەم هێزانەوە تەقاوەتەوە. لەگەڵ ڕووخانی ئەم پردە هیچ ڕێگایەک بۆ پاشەکشە بێجگەلە تێپەڕین لە ڕووباری سیراون نەمابووەوە

هاوڕێیانی گوردانی شوان کە ناچار بوون بەرەو ڕووباری سیروان حەرەکەت بکەن، لە ماوەی ڕۆژدا بەناچار هەر لەو نزیکانە دەچنە ناو ئاوایی "عەنەب" و بەنهێنی چەند شوێنی مانەوە دەدۆزنەوە، تا بەڵکوو لەگەڵ تاریکبوونی هەوا ڕێگای پاشەکشە بەرەو ڕووباری سیروان دیاری بکەن. بەڵام مانەوەی ئەوان لەماوەی ڕۆژدا لەو شوێنە، هاوکاتە لەگەڵ بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە پێنج کیلۆمیتری ئەوێ کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی گازە ژەهراوییەکان لە گشت ناوچەکە ژمارەیەک لە هاوڕێیان بەسەختی و ژمارەیەکیش تا ڕادەیەک مەسموم دەبن. هاوڕێیانی گوردانی شوان کە تا تاریکبوونی هەوا لەو شوێنە دەمێننەوە لەلایەن فەرماندەیی نیزامی تەشکیلاتی تیپی ١١ی سنەوە ڕێنمایی دەکرێن کە بەرەو ڕووباری سیروان حەرەکەت بکەن تا لەڕێگەی ئەو بەلەمانەی کە پێشتر ئامادە کرابوون ئەوان لە ڕووبارەکە بپەڕێننەوە. یەکێک لە گرفتە جیددییەکان بۆ ئەم هاوڕێیانە ئاشنانەبوونیان لەگەڵ ناوچەکە بوو، کە ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەیکە مەودایەکی کورت لەماوەیەکی زۆردا بپێون. هاوڕێیانی گوردانی شوان مەسیری دوو سەعاتە بۆ ڕووباری سیروانیان بە نزیکەی ٧ سەعات پێوا و سەرەنجام بەداخەوە نەیانتوانی بگەنە شوێنی دیاریکراو

هاوکات لەو بەری دیکەی ڕووبارەکەوە، چەند واحیدێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی ١١ی سنەوە و ژمارەیەك لە بەرپرسانی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە عێراق دڵسۆزانە و بێسەبرانە هەوڵیان دەدا تا لە هەر ڕێگەیەکەوە بووبێت پێداویستییەکانی دەربازکردن و پەڕاندنەوەی هاوڕێیانی گوردانی شوان لە ڕووباری سیروان دابین بکەن. لەو بارووددۆخەدا بە مەبەستی پەیوەندی و یارمەتیدانی زیاتری هاوڕێیان، بەلەمێك بە ٥ سەرنشینەوە لەوانە هاوڕێیەک کە ئاشنایی کامڵی لەگەڵ ناوچەکە هەبوو بەرەو ئەو بەری ڕووبارەکە دەنێردرێ. بەڵام پێش ئەوەی ئەم بەلەمە بگاتە لێوارئاوەکان، دەکرێتە ئامانجی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. بەلەمەکە تێکدەشکێت و ٤ کەس لە هاوڕێیان گیانیان بەخت دەکەن و یەکیشیان لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە بەدیل دەگیرێ

کاتێك هاوڕێیانی واحیدی کۆمەکی ئاگادار دەبنەوە کە بەلەمەکە تووشی دەرگیری بووە و نەیتوانیوە بە سلامەت خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری دەریاچەکە، ئەمجارەیان هاوڕێیانی گوردانی شوان کە لەگەڵ ڕووناکبوونی هەوا نەیانتوانیبوو ڕێگایان بەرەو ڕووباری سیروان درێژە بدەن و لەناو پۆلێک داردا پەنایان گرتبوو، ڕێنماییان دەکەن کە لەگەڵ تاریکبوونی هەوا خۆیان بگەیەننە خاڵێکی دیکە لە لێوارئاوەکە تا لەوێوە بەو بەلەمانەی کە ئامادە کرابوون عەمەلیاتی گواستنەوە و پەڕاندنەوەی هاوڕێیان لە ڕووبارەکە لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا ئەنجام بدەن. بەڵام نزیکەی سەعات دووی دوای نیوەڕۆ هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی فەرماندەی گوردانی شوان لەڕێگەی پەیوەندییەکەوە هاوڕێیان ئاگادار دەکاتەوە کە دیدەبانەکان دەڵێن کە ژمارەیەک کەسی چەکدار بەخێرایی لە شوێنی ئێمە نزیک دەبنەوە و چەند دەقیقە دواتر ڕایدەگەیەنێت کە دیدەبانەکان و واحیدهایەک لە گوردانی شوان کە لە کەمیندا بوون دەرگیر بوون. زۆر ناخایەنێت کە هەموو هاوڕێیانی گوردانی شوان دەرگیری شەڕ دەبن. دوای تێپەڕینی نزیکەی دوو سەعات و لەگەڵ دوایین قسەکانی هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی کە خەریکی ئەمری فەرماندەهی بوو، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی گوردانی شوان بۆ هەمیشە دەپچڕێت

بەرەبەرە و لەگەڵ تێپەڕینی کات مەعلووم بوو کە هاوڕێیانی گوردانی شوان لەو بارووددۆخە یەکجار سەخت و دژوارەدا بەتایبەت لەبەر مەسموم بوونی ژمارەیەك لە هاوڕێیان بەهۆی بۆمبارانی شیمیاییەوە، نەیانتوانیبوو خۆ بگەیەننە لێواری دەریاچەی سیروان و شوێنی دیاریکراو و هەربۆیە

لەناو قامیشەڵانەکانی دەوروبەری دەمێننەوە. لەو کاتەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە بەلەمەکانی یارمەتیدان دەبینن، بەوە دەگەن کە ڕەنگبێ واحیدێك لە هاوڕێیان لەو ناوچەیەدا گیریان کردبێ. بەو هۆیەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هێزەکانی دوژمن لە دەوروبەری شوێنی جیگیربوونیان کۆدەبنەوە و پاشان لەگەڵ هاوڕێیانی گوردانی شوان تووشی تێکهەڵچوون دێن و ئەو کارەساتە دەخوڵقێت. بەمجۆرە خوێنی هاوڕێیانی گوردانی شوان لەگەڵ خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ستەملێکراوی هەڵەبجە تێکەڵ بوو کە لە ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەممەدا بەهۆی بۆمبارانی شیمیایی ڕژیمی فاشیستی عێراق گیانیان بەخت کردبوو و لاپەڕەیەکی دیکەی بە مێژووی پڕ لە جەنایەتی حاکمانی سەرمایە زیاد کرد

لە جەرەیانی ئەم کارەساتە سەخت و دڵتەزێنەدا کە لە ٢٦ی ڕەشەممە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا ڕوویدا، ١٢ کەس لە هاوڕێیانی گوردانی شوان لە لایەن دوژمنەوە بەدیل گیران. ١١ کەسیان پاش چەند مانگ ئەشکەنجەی فراوان و موقاومەت و خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەشکەنجەدەران و دیفاع لە ئامانجە کۆمۆنیستییەکانیان، سەرەنجام لە جەرەیانی کوشتار و قەتلوعامی سەرتاسەریی بەندکراوانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا لە زیندانی سنە ئێعدام کران. ٢ کەس لە هاوڕێیانی گوردانی شوان کە گیانیان بەسڵامەت بەدەر بردبوو بەیارمەتی خەڵکی ناوچەکە دەرباز کران. لەو کارەساتەدا، سەرجەم ٦٨ کەس لە ئازیزترین هاوسەنگەرانمان گیانیان بەخت کرد. ئەو هاوڕێیانە لە زومرەی لایەقترین ئەندامان و کادەرکانی پێشڕەوی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون کە لە جەرەیانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و یان ساڵەکانی پێشتر هاتبوونە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ئامانجی ڕزگاری کرێکاران و بێبەشان و دامەزراندنی دونیایەکی بێ ستەم و چەوسانەوە و بێ عەداڵەتی و بە درووشمی “بژی سۆسیالیسم” گیانی ئازیزیان بەخت کرد

ناوی گوردانی شوان لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران و چالاکییەکانی کۆمەڵەدا هەتا بەئەمڕۆ، وەبیرهێنەرەوەی بوێری و خەباتکاری بووە و دەشبێ. ڕێباز و ڕەوشت و هەڵسووکەوتی سەمیمانە و شۆڕشگێڕانە و گیانفیدایی و خەباتی لێبڕاوانەی ئەم گوردانە ڕەزمەندەیەی کۆمەڵە، لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران دژبە دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیسلامی لە ئێران جێکەوتووە. لە ٣٧مین ساڵیادی گیان بەختکردنی ئەم هاوڕێیانەدا، یاد و بیرەوەریی هەر هەموویان وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی وەفاداربوون بە ئامانجەکانیان لەگەڵ یادی هەموو گیان بەختکردووانی ڕێگای سۆسیالیسم بەرز ڕادەگرین. لەو ڕۆژەدا، بۆ جارێکی دیکە سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە و کەسوکاری خۆڕاگری ئەم هاوڕێیانە کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا بە تەحەمولی ڕەنجی لەدەست دانی ڕۆڵەکانیان، بوونەتە مایەی دڵگەرمی و ئومێدواری زیاتری ئێمە بۆ خەبات و درێژەدانی ڕێگای ئازیزانیان

***

# کۆماری ئیسلامی لەسەر دووڕێیانی دانوستان یان شەڕدا

لە درێژەی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە ژێئۆپۆلێتیکییەکانیدا، فشارەکانی ئەمریکا و دەسەڵاتە ئورووپاییەکان لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا بۆ ڕاکێشانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مێزی دانوستان و تەسلیم کردنی، زیادی کردووە. بۆ نموونە دەوڵەتانی بریتانیا، ئاڵمان و فەڕانسە بەپێی ڕاپۆرتی ڕافائێل گروسی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی کە تێیدا باسی چوونەسەری



ئاستی ئۆرانیۆنی پیتێندراوی ٦٠ لەسەدی و هاوکاری نەکردنی کۆماری ئیسلامی کراوە، بانگەوازیان بۆ بەڕێوەبرنی کۆبوونەوەی بەپەلەی شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەی یەکگرتووەکان کرد. ئەم کۆبوونەوەیە ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ڕەشەممە بەشێوەی غەیرە عەلەنی بەڕێوەچوو. دەوڵەتە ئورووپاییەکان لە کۆبوونەوەی شۆرای حوکامیشدا، هەڕەشەیان لە کۆماری ئیسلامی کرد کە مێکانیزمی ماشە چالاک دەکەن و هەموو سزاکان دەگەڕێننەوە. هێنانەگۆڕی ئەم مەسەلەیە لە کۆبوونەوەی غەیرە عەلەنی شۆرای ئەمنیەتدا هەنگاوێکە بەرەو چالاک کردنی ئەم مێکانیزمە

هەر لەم پەیوەندەدا ترامپیش لە درێژەی داسەپاندنی ئەوپەڕی فشار بەسەر کۆماری ئیسلامی بە ناردنی نامەیەک بۆ خامنەیی لە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەممەدا، ئەوی خستە بەرامبەر دوو بژاردەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا یان هێرشی نیزامی. ترامپ هەروەها هۆشداری دا کە ئەگەر تاران گفتوگۆ نەکات، واشینگتۆن بۆ ڕێگری لە پەرەسەندنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەبێ کارێک بکات. ئەم نامەیە کە قەرار بوو لە ڕێگەی ڕووسیەوە بدرێ بە کۆماری ئیسلامی، دوای یەک هەفتە لەلایەن ڕاوێژکاری دیپلۆماتیکی سەرۆکی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە تاران ڕادەستی عەباس عێراقچی کرا تا بەدەستی خامنەیی بگەیەنێت

وڵامی سەرباڵا و بێ پشتیوانەی خامنەی بە دەوڵەتانی ئورووپایی و ئەمریکا، تەنانەت بۆ مەبەستی ناوخۆییش، مەترسیی پەرەسەندنی گەمارۆکان و تەنانەت ئەگەری هێرشی نیزامی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیلی بۆسەر ئێران بردووەتە سەرێ. بەتایبەت ئەوەیکە نەتانیاهۆی شەڕخواز و تاوانکار ساڵەهایە هەوڵ دەدات ئەمریکا بۆ هێرشی هاوبەش بۆسەر ئێران ڕازی بکات. عەلی خامنەیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی مانگی ڕەشەممە لە وڵام بە نامەکەی ترامپدا وتی: "ئەوەیکە سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەڵێ ئێمە ئامادەین لەگەڵ ئێران گفتوگۆ بکەین و داوای گفتوگۆ دەکات، بۆ فریودانی بیروڕای گشتی جیهانە تا نیشانی بدات کە کەسێکی ئاشتیخوازە. بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا گەمارۆکان لانابات. گفتوگۆ و دانوستان فشارەکان زیاتر دەکات". خامنەیی هەفتەی ڕابردووش لە قسەوباسێکی گاڵتەجاڕانەدا بە مەبەستی ڕووحییەدان بە هێزەکانی ئیدعای کرد: "ئێمە لەچاو ساڵی ڕابردوو هەر ئەمڕۆ، بەهێزترین. پێکهێنانی شەڕ یەک لایەنە نییە و کۆماری ئیسلامیش دەتوانێ زەربەی بەرامبەر لێبدات و حەتمەن ئەو کارەش دەکات. ئەگەر کەسێک هەوڵێکی ئاوا بدات حەتمەن وڵامی دەدەینەوە". خامنەیی لە هەمان کاتدا کە لە پشتی پەردەوە لەڕێگەی دەوڵەت و وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمەوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا چرای سەوزی نیشان داوە، بەمجۆرە قسانە دەیهەوێ بەرپرسایەتی سازشی ناشەرافەتمەندانە لەگەڵ ئەمریکا وەئەستۆ نەگرێت و خۆی لێ بدزێتەوە

ئەم قسانەی خامنەیی لە کاتێکدایە کە ڕۆژی دواتری عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئێران"، گفتوگۆی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمریکا لە پەیوەند لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی ڕەت نەکردەوە و بە کارێکی ڕێگەپێدراو وەسفی کرد. ئەو وتی: "بۆ گفتوگۆی ئەتۆمی بەرنامەمان داڕشتووە. ئەگەر گەمارۆکان لابردرێن ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکاش گفتوگۆ دەکەین". ناوبراو سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ سێ دەسەڵاتی ئورووپاییش وتی: "کاناڵی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیش بەرقەرارە و لەگەڵ گرۆسی و ئاژانسی ئەتۆمیش هاوکاریمان هەیە". هەورەها وتیشی کە لەگەڵ ڕووسیە و چینیش خەریکین وتووێژ دەکەین و ئیدەیەکی نوێ بۆ چالارەسەرکردنی ئەم پرسە هاتووەتە گۆڕێ. عەباس عێراقچی لە کاتێکدا باس لە درێژەی وتووێژ لەگەڵ ڕووسیە سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی دەکات کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ڕەشەممە سێرگێی لاورۆف وەزیری دەرەوەی ڕووسیە ئاشکرای کرد کە ئەمریکا بەدوای ڕێکەوتنێکی تازە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە چەندین مەرجی سیاسییەوەیە. ناوبراو وتی کە "ئەم بابەتە جێگای نیگەرانییە چونکە مەسەلەکە تەنیا بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی نییە. بۆ نموونە لەسەر بەرنامەی بەرگریی مووشەکی و توانایی نێونەتەوەیی ئێرانیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی لەم پەیوەندییەدا دەبێ بەڵێن بدات و بەڵێنەکانیشی لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەوان بسەلمندرێت. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە کۆماری ئیسلامی نابێ لە عێراق، لۆبنان، سووریە یان هەر شوێنێکی تر لە گرووپەکانی دیکە پشتیوانی بکات". هەر بەم هۆکارەش بووە کە ڕووسیە لە گەیاندنی نامەکەی ترامپ بۆ کۆماری ئیسلامی پاشگەز بووەتەوە و نامەکەی لە ڕێگەیەکی ترەوە ناردووە.

هەستیاربوون و مەترسی هێرشی نیزامی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆسەر کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەیکە چینیش دەست بەکار بێت. لەم پەیوەندەدا ڕۆژی هەینی ٢٤ی مانگی ڕەشەممە کۆبوونەوەیەک لە ئاستی جێگرانی

وەزیری دەرەوەدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و رووسیە لە پێکەن بەڕێوەچوو. چین بە بێ ڕاگەیاندنی وردەکاری کۆبوونەوەکە هیوای خواست کە ئەم کۆبوونەوە سێ لایەنەیە بتوانێ ڕێگاچارەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی ئەتۆمی و لابردنی نیگەرانییە هاوبەشەکان پەیدا بکات. هەوڵەکانی رووسیە و چین نیشانەی ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە نیگەرانێ سێناریۆیەکی هاوبەش هاوشێوەی ئەوەیکە لە سووریە روویدا بەڕێوەبچێت و کۆماری ئیسلامی، وەک حکوومەتێکی لایەنگری خۆیان، لەدەست بدەن.



لەئێستادا کە سیاسەتی پڕ هەزینەی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی و میحوەری موقاومەتەکەی تووشی شکست بووە، ئەمریکا و دەسەڵاتە ئورووپاییەکان دەیانهەوێ بە شەڕی ئابووری و لە ئەگەری پێویستدا بە هێرشی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناچار بە تەسلیمبوون بکەن. وەزیری خەزێنەی ئەمریکا هەفتەی رابردوو ڕایگەیاند کە واشینگتۆن دەیهەوێ بە ئیفلیجکردنی بەشی سەنعەتی نەوت و توانای بەرهەمهێنانی مووشەک و درۆن لەڕێگەی داسەپاندنی زۆرترین فشارەوە، ئابووری کۆماری ئیسلامی تێکڕووخێنێت. بێگومان هەروەک چۆن هەتا ئێستا دووکەڵی داسەپاندنی گەرۆمارۆکان چووەتە چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە و ژیان و گوزەرانییانی سەختتر کردووە، ئەمجارەش ئاکامی پەرەسەندنی گەمارۆکان و هێرشی نیزامی بۆسەر کۆماری ئیسلامی، بەر لە هەمووان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەگرێتەوە. خامنەیی و باندە مافیاکانی حکوومەتی ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە بە بەرنامە و ستراتێژی دژەئینسانی خۆیان ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەشمەینەتیان بەرەورووی هەژاری و برسیەتی و شەڕ و نائەمنی کردووەتەوە. جەماوەرێ کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران دەتوانن بە خەباتی یەکگرتوو و ڕێکخراوی خۆیان بارگە و بنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێکەوەپێچن

***

**بۆ بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئالتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:**

alternative-shorai.tv

# بۆ یادی گیان بەختکردووانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨

ڕۆژی ٢٥ی مانگی ڕەشەممە بەرابەر لەگەڵ ١٥ی مانگی مارس ساڵڕۆژی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیە لە لایەن ڕژیمی جەنایەتکاری بەعسی عێراقەوە. ٣٧ ساڵ لەمەوبەر لە گەرمەی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان ئێران و عێراقدا، شاری هەڵەبجە کەوتە بەر هێرشی فڕۆکەی جەنگیەکانی ئەرتەشی عێراقەوە کە هەڵگری گازی کوشندە بوور و لە ماوەی کەمتر لە چەند دەقیقەدا هەزاران منداڵ و پیر و لاو لە خەڵکی بێدفاعی ئەمشارە گیانیان بەخت کرد. هەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون و ساڵانێکی زۆریان لەگەڵ ئاسەواری ژاناوی ئەو گازە ژەهراویانە تێپەڕ کرد

لە سەردەمی ڕوودانی ئەم کارەساتەدا، شەڕی کۆنەپەرستانە و دژەخەڵکی ئێران و عێراق لە هەشتەمین ساڵیدا بوو. هەموو بەڵگەکان نیشانیان دەدا کە ئەم شەڕە هەشت ساڵەیە خەریکە لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. نە خومەینی توانیبووی "ڕێگای قودس لە کەربەلا"وە بکاتەوە و ئیسلامی دڵخوازی خۆی دامەزرێنێ و نە سەدام حسێنیش توانیبووی لە ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر ڕژیمی ئێراندا، پێگەی ڕێبەری ناسیۆنالیسمی جیهانی عەرەب بەدەست بێنێ. هەڵبەت ڕژیمی ئیسلامی لە لایەکەوە بە ئامانجی سەرەکی خۆی، واتە سەرکوتی شۆڕشی ئێران لەژێر سێبەری شەڕ گەیشتبوو و لە لایەکی دیکەشەوە لە بواری مادیەوە چیتر توانای درێژەی ئەو شەڕەی نەبوو. ئەرتەشی عێراقیش بێ توانا و پەککەوتوو و ماندوو بوو. ئەو شەڕە، نەوتکێشەکان، هەناردەی نەوتی لە ناوچەی کەنداو لەگەڵ مەترسیی جیدی ڕووبەڕوو کردبووەوە و درێژەی شەڕ، وەکوو ئەوەڵین ساڵەکان، بۆ سەرمایەی جیهانی قازانجی تێدا نەبوو. لە وەها بارودۆخێکدا کە هەر دووک لا کۆتایی شەڕیان پێ حەتمی بوو، بەدوای بەدەست هێنانی ئیمتیازەوە بوون تا دواتر لە سەر مێزی وتووێژ کەڵکی لێ وەرگرن. ئەوان بەو مەبەستە پێویستیان بە سەرکەوتنی کورت ماوە و خێرا بوو و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش لە ئەنجامدانی هیچ جەنایەتێک دەریغیان نەدەکرد. ڕژیمی بەعس دەستی بە چەکی شیمیایی ڕاگەیشتبوو و بە شێوەیەکی بەرین لە بەرەکانی شەڕ و هەروەها دژبە خەڵکی ئاسایی و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق کەڵکی لێوەردەگرت و ڕژیمی ئیسلامیش لە ئەنجام دانی هیچ جەنایەتێک دەستی نەدەپاراست

پیلانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوچەی هەڵەبجە لە وەها بارودۆخێکدا داڕێژرا. لەو دەورەیەدا هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستانی عێراق، حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە نێوبژی کۆماری ئیسلامی کێشەکانی خۆیان وەلانا و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێنا. کۆماری ئیسلامیش ڕەزامەندی ئەو هێزانەی بۆ هاوکاری کردن لە هێرش بردنەسەر ئەو ناوچەیە، بەدەست هێنابوو. لە نیوەشەوی ٢٤ی ڕەشەممەدا هێرشی هاوبەشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرەی یەکگرتووی کوردستان بۆ ئەو ناوچەیە دەستی پێکرد. خەڵکی شاری هەڵەبجە و شار و گوندەکانی دەوروبەری کە کەوتبوونە ژێر گوشار و مەنگەنەی هێزەکانی هەردووک لاوە، بۆ پاراستنی گیانیان پەنایان بۆ ژێرزەمینی ماڵەکان بردبوو. ئەرتەشی عێراق لە بەرامبەر هێرشی هاوبەشی ڕژیمی ئێران و بەرەی یەکگرتووی کوردستان نەیتوانی موقاوەمەت بکات و ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ڕژیمی ئێرانەوە. ڕۆژێک دواتر سەدام و ڕێبەری حیزبی بەعس، لە حاڵێکدا کە تەنانەت سەربازەکانی خۆشیان بە تەواوی لە بەرەی شەڕ پاشەکشەیان نەکردبوو، فەرمانی جەنایەتکارانەی بۆمبارانی شیمیایی ناوچەکەیان دەرکرد. ئەو پەناگایانەی کە خەڵکی بێدفاع بۆ پاراستنی گیانیان، خۆیان تێدا حەشار دابوو، بە بڵاوبوونەوەی ئەو گازە ژەهراویانە بوون بە قەتڵگایەکی گەورە. نزیک بە ٥ هەزار منداڵ و پیر و لاو بەهۆی ئەم بۆمبارانە شیمیاییەوە گیانیان



لەدەستدا. بۆمبارانی شیمیایی خەڵکی بێدیفاعی هەڵەبجە لە ڕیزی یەکەمی جینۆسایدەکانی مێژووی سەدەی بیستەمدا تۆمار کراوە

بەڵام ڕژیمی بەعسی عێراق لە ئەنجامدانی ئەو جەنایەتەدا تەنیا نەبوو. دەوڵەتە ئەورووپاییەکان و لە سەرووی هەمووانەوە دەوڵەتەکانی ئاڵمان و هۆڵەند و فەڕانسە کە ئەمڕۆ لە نەسلکوژی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین لە غەززە پشتیوانی دەکەن و ڕیاکارانە دڵیان بۆ دەسووتێنن، ئەوکات بۆ بەدەست هێنانی سوودە کەڵانەکانیان، بە کۆمپانیەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان ڕێگەیان دابوو چەکی شیمیایی بدەنە دەوڵەتی عێراق. سەرەڕای پەیمانە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە قەدەغەبوونی بەکارهێنانی چەکی کوشتاری بەکۆمەڵ، دەیان کۆمپانی ئاڵمانی، هۆڵەندی و فەڕانسەوی چەکی شیمیاییان بە ڕژیمی جەنایەتکاری سەدام فرۆشت. دەوڵەتی ئەمریکا کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی غەززە شەریکە لە وردەکاری ئەم جەنایەتە و بەکارهێنانی گازی سارین، گازی ئەعساب و گازی خەردەل دژبە خەڵکی کوردستان ئاگادار بوو و ئاگاهانە پانتاییە واقعییەکەی لە بیروڕای گشتیی جیهان شاردەوە. بۆمبارانی شیمیایی خەڵکی هەڵەبجە بەرەورووی بێدەنگی سەرشۆڕانەی زلهێزەکانی سەرمایەداری و میدیاکانی سەر بەوان بووەوە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆر لەو ناوچەیە نەمایەوە و پاشەکشەی کرد و هێزەکانی ڕژیمی بەعس دووبارە کۆنترۆڵی ناوچەکەیان گرتەوە دەست، بەڵام ئەو برینە قووڵ و بەژانەی کە لە لایەن ئەم جەنایەتکارانەوە لەسەر جەستەی خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش درا، پاش تێپەڕینی ٣٧ ساڵ، ئێستاش سارێژ نەبووەتەوە. لە ٣٧مین ساڵهاتی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە و گیان بەختکردنی هەزاران کەس لە خەڵکی ئەمشارە و ناوچەکانی دەوروبەری، بۆ یاد و بیرەوەری هەموو ئەو ئینسانانە سڵاو و درود دەنێرین. بە هیوای ڕۆژێک کە کۆمەڵکوژی و شەڕ و نائەمنی، ئەشکەنجە و زیندان، هەژاری و نابەرابەری، کە نیزامی سەرمایەداری هۆکار و پەرەپێدەریەتی، جێگای خۆی بداتە ئاشتی و ئازادی و ڕەفاە و یەکسانی ئینسانەکان

***

# بەرز و بەڕێز بێت یادی کۆمۆنی پاریس یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاریی جیهان

١٨ی مانگی مارس ساڵڕۆژی کۆمۆنی پاریس یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاری جیهان لە وڵاتی فەڕانسەیە. کارڵ مارکس کتێبی "شەڕی ناوخۆیی لە فەڕانسە"ی لە وەسفی کۆمۆنی پاریسدا بەم ڕەستە ماندگارانە دەستپێکرد: "بەیانی ١٨ی مارس، پاریس بە دەنگی بروسکەئاسای، بژی کۆمۆن وەخەبەر هات. کرێکارانی پاریس لە نێو سستی و خیانەتی چینی دەسەڵاتدار بەوەگەیشتن کە کاتی دەست بەکاربوون بۆ ڕزگاربوون و بەدەستەوە گرتنی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات هاتووە. کاتێك کۆمۆنی پاریس دەسەڵاتی شۆڕشی بەدەستەوە گرت، کاتێك بۆ یەکەم جار کرێکارانی ئاسایی باوەڕیان بەخۆ کرد کە دەتوانن هێرش بکەنەسەر ئیمتیازاتی دەسەڵاتداران، لەو کاتدا دونیای کۆن بە بینینی ئاڵای سوور، سەمبۆلی حکومەتی کرێکاری کە بەسەر شارەداری دەشەکایەوە، لە توڕەیی و نفرت کەوتبووە لەرزین. ئەم کرێکارە ئاساییانە لە بارودۆخێکی بێوێنە و لەژێر فشاردا، بە لێبوردوویی و دڵسۆزی و بە شێوەی کاریگەر کارەکەیان بە سەرئەنجام گەیاند."

کۆمۆنی پاریس ڕووداوێکی کتوپڕ و بەبێ ڕەخساندنی بوار نەبوو. ئەم ڕووداوە ڕیشەی لە دەورەی شۆڕشی ساڵەکانی ١٨٤٨ تا ١٨٥١، کە خەباتی بەرینی کرێکاران، سەرجەم وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوروپای گرتبووە بەر و هەروەها خەباتی کرێکارانی فەڕانسە لە مەودای ساڵەکانی ١٨٥٧ تا ١٨٦٩ بوو. شکستی یەک لە دوای یەکی ئەرتەشی فەڕانسە لە شەڕ لەگەڵ پڕۆس لە مانگەکانی بەر لە سەرهەڵدانی کۆمۆنی پاریس، کۆمەڵگای بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەنابوو. "ئوکۆلۆف"، بەرپرسی کاروباری باڵیۆزخانەی ڕووسیە لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٨٧٠ لە ڕاپۆرتێکدا کە سەبارەت بەم دەورەیە و بارودۆخی سیاسی فەڕانسە بە پترسبۆرگی داوە، دەنووسێ: "لە هەر ساتێکدا ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕش لەئارادایە". "لۆرد لاینز" باڵیۆزی بریتانیاش لە شەشی ئاگۆستدا ڕایدەگەیەنێت کە "بنەماڵەی بناپارت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕووخانی دەسەڵاتیان نزیکتر دەبنەوە". هەروەها یەکێک لە مێژوونووسانی ئەم قۆناغەش باس لەوە دەکات کە: "لە پاریس بۆنی شۆڕش لە هەوادا هەستی پێدەکرا".

شکستی ئەرتەشی بورژوازی فەڕانسە لە شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی پڕۆس کە تا دەروازەکانی پاریس پێشڕەوی کردبوو، وەك چەخماخەیەك بوو کە ئاگری تووڕەیی کرێکاران و خەڵکی پاریسی بڵێسەدار کرد. جەماوەری کرێکاران و خەڵکی بێبەشی پاریس کە ڕاپەڕیبوون، دەوڵەتی سەرمایەدارانی لە شار دەرکرد و خۆیان ئەرکی بەرگری لە شاریان لە بەرامبەر داگیرکەران گرتە ئەستۆ. دەوڵەتی فەڕانسە کە تا دوێنێ لەگەڵ دەوڵەتی پڕۆس شەڕی دەکرد، بە هاوکاری ئەرتەشی پڕۆس لەدژی کرێکارانی ڕاپەڕیو و لەڕێگەی بەرنامەڕێژی و فێڵ و تەڵەکە لە هەنگاوی یەکەم دا، پڕۆسییەکان ٦٠ هەزار ئەسیری شەڕی فەڕانسەیان ئازاد کرد و لە ئێختیاری دەوڵەتی هەڵاتووی فەڕانسە قەراریان دا و لە ڕێکخستنەوەی ئەرتەشی شکست خواردوو، هاوکاریان لەگەڵ کرد. سەرئەنجام دەوڵەتی سەرمایەداری فەڕانسە بە هاوکاری ئەرتەشی پڕۆس هێرشیان کردە سەر پاریس. کۆمۆنارە قارەمانەکان تا دوایین هەناسەیان، خۆڕاگری بوێرانەیان دەست پێکرد.

ژنانی کۆمۆن دەورونەخشێکی بەرچاویان لەم موقاوەمەت و خۆڕاگرییەدا هەبوو. لوویی بارون، خەباتکاری کۆمۆن لە ٢٣ی مانگی مەیدا لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆیدا دەنووسێت: لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا واحدێک لە ژنانی چەکدار لە کاتێکدا کە گوڵێکی سووریان لە کڵاوەکەیان دابوو بە فەرماندەیی „دمیتریە وا" شەڕیان دەکرد و ئەو تەشویقی دەکردن کە هەتا دوایین دڵۆپی خوێنیان لە خەبات دەست هەڵنەگرن. لووئی دوبروئیل مێژوونووسی کۆمۆن دەنووسێت: لە مەیدانی سپی گوردانێک لە ژنانی چەکدار بە فەرماندەیی ژنێکی قارەمان بەناوی لوویز میشێل و ژنێکی ڕووسی بەناوی دیمیتریف، کە ڕۆژی پێشتریشی لە باتینیول شەڕیان کردبوو، بوێری و ئازایەتییەکی سەرسووڕهێنەریان لەخۆیان نیشاندا. بەڵام سەرئەنجام پاش چەند ڕۆژ شەڕ و تێکهەڵچوونی لە بواری نیزامیدا نابەرابەر، کۆمۆنارەکان شکستیان خوارد. لە مەودایەکی کورتدا ١٧ هەزار کرێکار لە خیابانەکانی پاریس کۆمەڵکوژ و بە هەزاران کەس ئێعدام کران. بەمجۆرە بورژوازی فەڕانسە تۆڵەی خۆی لە کرێکارانی ڕاپەڕیو کردەوە و یەکەم ئەزموونی شۆڕشی کرێکارانی جیهان شکستی خوارد.



کۆمۆنی پاریس، ئەوەڵین حکومەتی کرێکاری لە جیهان و خوڵقێنەری دەوڵەتێك بوو کە ئەگەر سەرکەوتنەکەی بەردەوام بوایە چینی کرێکار ئەیتوانی هەنگاوەکانی دواتر بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی قورستر هەڵبگرێت. کۆمۆن شێوەیەکی مێژوویی و تایبەت لە دەوڵەت بە پێوەری تایبەت بوو. چاوخشاندنێك بەسەر گۆشەیەك لە پەسەندکراوەکان و هەوڵەکانی کۆمۆن دەرخەری پێکهێنانی هەڵسووکەوتی نوێ کۆمەڵایەتی بوو کە لە درێژەدا دەتوانێت ببێتە ڕزگاریدەری مرۆڤایەتی لە بەربەرییەتی نیزامی سەرمایەداری.

بە فەرمانی کۆمۆن ئەرتەشی حیرفەیی هەڵدەوەشێتەوە و کاروباری نیزامی دەکەوێتە دەستی خەڵکی چەکدار. ڕاگەیەندرا کە زەوی هی ئەو کەسەیە کە لەسەری کار دەکات. ئامرازی بەرهەمهێنان هی کرێکارانە و کار مافی سرووشتی هەموو خەڵکە. حقووقی زۆری کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت دەبێ نەمێنێت. زۆرترین حقووق نابێت لە حەقدەستی کرێکارێکی لێهاتوو زیاتر بێت. دادوەری و کاربەدەستانی باڵای ئیجرایی هەڵبژێرداو دەبن و هەرکات کە زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەبێ لابچن. سزای ئێعدام هەڵدەوەشێندرێتەوە و دەزگای گیوتین لە بەرچاوی خەڵك دەسووتێندرێ. بناغەی خوێندنی بەخۆڕایی دادەمەزرێت. هەڵوەشاندنەوەی هەموو کلیساکان و زەوتکردنی داراییەکانیان لەلایەن کۆمۆنەوە پەسند دەکرێت. گشت یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەت بە کلیسا ڕادەگیرێ. ئائین وەك ئەمری تاکەکەسی کەسەکان ڕادەگەیەندرێت. خوێندنگاکان لە ژێر کۆنترۆڵی کڵێسا ڕزگار دەکرێن و دادپەروەری و پەروەردە لە ئائین جیا دەکرێنەوە و دادوەرەکان هەڵدەبژێردرێن. کاری شەوانەی نانەواخانەکان قەدەغە دەکرێت. حقووقی کارمەندانی کۆمیسیۆنەکانی کۆمۆن بەئەندازەی حقووقی کرێکارانی نانەواییەکان دیاری دەکرێت. لە سیستەمی ئیداری کۆمۆندا، بەشی پۆلیس لەبری ئەوەی بریکاری حکومەتی ناوەندی بێت، دەکرێتە ئۆرگانێک کە خزمەت بە خۆشبژێوی خەڵک دەکات و هەموو ئەرکە سیاسییەکانی ئەم ئیدارەیە هەڵدەوەشێنەوە. هەروەها بەرپرسانی بەشی پۆلیسیش دەکرێ لە پۆستەکەیان لابردرێن. کۆمۆن ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕادەگەیەنێت. کۆمۆن ئەو دامەزراوانەی کە خاوەنەکانی لە پاریس ڕایانکردووە، ڕادەستی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان کە لە کارخانەکاندا پێکهاتوون دەکات.

پێکهاتەی دەوڵەتی کۆمۆن لەگەڵ هەموو دەوڵەتەکانی پێشوو جیاوازی هەیە. کۆمۆن لە کەسانێك پێك دێت کە لە گەڕەکە جۆراوجۆرەکان لە سەرەوە تا خوارەوە هەڵبژێردراون. کومیتەی ناوەندی کۆمۆنی پاریس ٨٣ ئەندامی هەیە و بە پێی حوکمی یاسای پەسەندکراو، هەرکات دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەکرێت و دەتوانێرێت هەرکامیان لەسەر کار لابردرێن. ئەم کومیتەیە هەم یاسادارێژەرە و هەم بەڕێوەبەری یاسایە.

بێهۆ نەبوو کە لێنین لە ڕێبەرانی شۆڕشی کرێکاری ڕووسیە، لە ساڵی ١٩١١ لە بابەتێکدا بەبۆنەی چلەمین ساڵڕۆژی کۆمۆنی پاریس دەنووسێ: "یاد و بیرەوەری خەباتی کۆمۆنی پاریس نەک هەر بۆ کرێکارانی فەڕانسە بەڵکوو بۆ پرۆلێتاریای سەرتاسەری جیهان ئازیز و بەڕێزە. چونکە کۆمۆن تەنها لەپێناو چەند خواستی بچووکی مەحەلی یان نەتەوەیی نەبوو، بەڵکوو هەوڵێک بوو بەئامانجی ڕزگارکردنی یەکجاری هەموو ئینسانێکی زەحمەتکێش و چەوساوە ... گرمەی تۆپەکانی پاریس، دواکەوتووترین توێژەکانی پرۆلێتاریای لە خەوی قووڵ ڕاچڵەکاند و لە هەموو شوێنێک گروتین و حەرەکەتێکی تازەی بە تەبلیغاتی شۆڕشی سۆسیالیستی بەخشی. هەربۆیە ئاسەوار و کاریگەریی کۆمۆنی پاریس نەک هەر لەناو نەچووە، بەڵکوو هەتا بە ئەمڕۆش لە ناخی هەرکام لە ئێمەدا زیندوویە."

کۆمۆنی پاریس هەرچەند زیاتر لە ٧٢ ڕۆژ حکوومەتی نەکرد و بورژوازی خەڵتانی خوێنی کرد و شکستی پێ هێنا، بەڵام خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و هەروەها دەرس و ئەزموونەکانی، دەستکەوتی چینی کرێکارە لە شەڕە چارەنووس سازەکاندا کە هێشتا لە ئاسۆی خەباتی چینی کرێکاردا جێگەی گرتووە. یادی کۆمۆنی پاریس لە ناخی چینی کرێکاردا زیندوویە. ئەمڕۆ لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانی نیزامی سەرمایەداری جیهانی و لە جەرگەی بەربەریەتێکدا کە بەسەر زۆربەی دانیشتووانی گۆی زەویدا سەپاوە، زەروورەتی یەکگرتن و هاوپشتی کرێکاران، و پشتیوانی نێونەتەوەیی پرۆلێتاریای سەرانسەری جیهان لە خەبات دژبەم بارودۆخە دژەئینسانییە سەد هێندە بووە. لە ١٥٤مین ساڵڕۆژی پێکهاتنی کۆمۆنی پاریس یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاری جیهان، پێویستە وێڕای فێربوون لە دەرس و ئەزموونەکانی، ڕیزی خەباتی کرێکاران دژبە نیزامی سەرمایەداری هەرچی زیاتر یەکگرتووتر و یەکپارچەتر بکەین.

❊❊❊

# هیوای کۆماری ئیسلامی بە نێوەندگیری ڕوسیە بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا

لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و گەشەی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و توێژەکانی تری کۆمەڵگا، مەترسی ڕووخانی ڕژیم، سەرانی حکوومەتی ئیسلامی یەکجار نیگەران کردووە. لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا پزشکیان و باقی کاربەدەستانی دەوڵەت و ڕێفۆرمخوازان، باسی پێویستی سازان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەمریکا دووبارە هێناوەتەوە گۆڕێ. ئەوان بەتایبەتی زۆریان هەوڵ دا بەر لە هاتنە سەر کاری ترامپ وەها سازشێک ئەنجام بدەن. لەم ماوەیەدا پزشکیان زۆر جار لە پەراوێزخرانی کۆماری ئیسلامی و بەتاڵبوونی خەزێنەی دەوڵەت گلەیی کردووە. عەلی خامنەیی کە بە ئامانجی پاراستنی نیزامەکەی پزشکیانی لە سندووقی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار هێنایە دەر، بە بادانەوە لە هەڵوێستەکانی ڕابردووی ڕایگەیاند کە دژی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا نییە. بەڵام دەبێ بە هوشیاری و بە چاوی کراوە لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکرێت. دوای ئەم گلۆپی سەوزەی خامنەیی، دەوڵەتی پزشکیان لەڕێگەی دەسەڵاتە ئورووپاییەکانەوە قۆناغی گفتوگۆی لەگەڵ ئەمریکا دەستپێکرد

بەڵام دوای هاتنە سەر کاری ترامپ و ڕاگەیاندنی مەرجی دژوار و زەلیلکەر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، وە ئەوەیکە سازان بێجگەلە مەسەلەی ئەتۆمی دەبێ بەرنامەی مووشەکی و درۆنی و دەخاڵەت نەکردنی ڕژیم لە کاروباری وڵاتانی دیکەش لە خۆ بگرێت، خامنەیی دیسان بایداوە و ڕایگەیاند: "گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا هوشیارانە، عاقڵانە و شەرافەتمەندانە نییە. کەسانێک دەیانهەوێ وای نیشان بدەن کە گۆیا گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا کێشە ئابوورییەکان چارەسەر دەکات. نەخێر، گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا هیچ کاریگەرییەکی نابێت لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانماندا". پاشان، پزشکیانی قاڵبووی ناو وەلایەت و کاربەدەستانی دیکەی دەوڵەتیش هەر ئەم هەڵوێستەیان دووپات کردەوە و ڕایانگەیاند کە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا لەژێر فشاری زۆرینەدا ئاکامێکی نابێت.

دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ترامپ و وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پووتین سەبارەت بە ئۆکراین، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هاندران بۆ ئەوەی لە ڕێگەی نێوەندگیری ڕووسیەوە لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکەن. ڕۆژنامەی تێلێگراف چاپی لەندەن، لەسەر زاری بەرپرسێکی باڵای کۆماری ئیسلامی ئاشکرای کردووە کە "سەرۆک کۆماری ڕوسیە داوای لە کۆماری ئیسلامی کردووە  گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ترامپ دەست پێبکات، چونکە ترامپیش دەیەوێت دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکات و بەم شێوەیە ئامادە دەبێت نێوەندگیری و ئاسانکاری بۆ دیالۆگ لە نێوانیاندا بکات". بە وتەی ئەم کاربەدەستەی کۆماری ئیسلامی، ڕووسیە بە ئامانجی جێبەجێ کردنی ئەم موعامەلەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە "شۆرای باڵای ئەمنیەتی میللی ئێران"ەوە گرتووە و وتوویەتی کە پووتین ئامادەیە لە گفتوگۆکاندا ڕۆڵی ناوبژێوان وەئەستۆ بگرێت. لەم پەیوەندییەدا عەباس عێراقچیش لە دیدار لەگەڵ لاورۆف هاوتای ڕووسی خۆی لە ڕۆژی ٧ی ڕەشەممەدا وتبووی: "لە گفتۆگۆ ئەتۆمییەکانی بەرجامدا بە هاوکاری و هاوئاهەنگی دۆستانی خۆمان ڕوسیە و چین حەرەکەت دەکەین و هەڵوێستەکانمان لەگەڵ ئەوان هاوئاهەنگ دەکەین". ئامانجێکی پووتین لەم پێشنیارە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک کارتێک بەکار بێنێت و لەم ڕێگەوە لە موعامەلە لەگەڵ ترامپ لە پەیوەند لەگەڵ شەڕی ئۆکرایندا ئیمتیازی پێوەرگرێت. هەڵبەت ترامپیش وەک موعامەلەچییەکی ئابووری ڕایگەیاندووە کە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئەتۆمی کۆماری



ئیسلامی، دەیهەوێ لە پلەی یەکەمدا لەڕێگەی گفتوگۆوە ناچار بە سازشی بکات

بەڵام ڕاگەیاندنی ئامادەیی پووتین بۆ نێوەندگیری لە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی  نە دەتوانێ ئیمتیازێکی بۆ کۆماری ئیسلامی لە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا بەدواوە بێت و نە دەتوانێ لە چارەسەرکردنی قەیرانی قووڵی ئابووریی ڕژیمدا یارمەتیدەر بێت. پووتین لە جەریانی ڕووخانی حکوومەتی ئەسەددا بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژوەند و قازانجی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی پشتی ڕژیمی ئەسەدی بەتاڵ کرد. لە شەڕی ئیسرائیل دژبە حیزبوڵڵا لە لۆبنانیش لە کۆماری ئیسلامی هیچ پشتیوانییەکی نەکرد. هەروەها لە بارودۆخێکدا کە ترامپ و پووتین لەگەڵ یەکیەتی ئورووپا و بریتانیا لەسەر شەڕی ئۆکراین بەرێکەوتن نەگەیشتوون، دەوردانەوە و وەلانانی ئەم دەوڵەتانە لە گفتوگۆی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، هەوڵێکی دیکەی ترامپ لەپێناوی کورت کردنەوەی دەستی دەوڵەتانی یەکیەتی ئورووپا و ئینگلیس لە دەخاڵەت کردن لە موعاملاتی نێونەتەوەیی دێتە ئەژمار. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی ڕەشەممە وەزیری خەزێنەی ئەمریکا وتی: "ئامانجی گەمارۆکانی دەوڵەتی ترامپ لەناوبردنی ئابووری ئێران لەڕێگەی ڕاگرتنی سەنعەتی نەوت و بەرهەمهێنانی درۆنە و بەم ئامانجە ترامپ لە هەوڵی پەرەپێدانی گەمارۆکاندایە و پێداچوونەوە بەسەر ئەو سزا ئابوورییانەش دەکات کە لەسەر کۆماری ئیسلامی لابردراون"

لە کاردانەوە بەم هەوڵەی ڕووسیە و ئەمریکا، یەکیەتی ئورووپاش هەوڵ دەدات تا پێش لە بەسەرچوونی مۆڵەتی ڕێککەوتنی بەرجام لە ئۆکتۆبری ئەمساڵ، لە ئەگەری هاوکاری نەکردنی ترامپدا، خۆی بە کەڵک وەرگرتن لە "مێکانیسمی ماشە" گەمارۆ هەڵوەشاوەکان دووبارە بەسەر ئێراندا بسەپێنێتەوە. ڕۆژی چوارشەممە ٥ی مارس  پاش دوایین ڕاپۆرتی ڕافائێل گرۆسی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانیسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە شۆرای حۆکامی  ئاژانسە کەی ڕایگەیاند" مۆڵەت بۆ دیپلۆماسی و دانانی بەربەستی نوێ بۆ چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی خەریکە کۆتایی دێت"، یەکیەتی ئورووپا وێڕای ئاماژە بە بنبەستی ئێستای نێوان ئێران و ئاژانس هۆشداری بە کۆماری ئیسلامی دا کە لەم دەرفەتە بۆ هاوکاریی خێرا و بنەڕەتی لەگەڵ ئاژانس کەڵک وەرگرێت

کۆماری ئیسلامی لە هەر حاڵەتێکدا بێت، چ بە نێوەندگیری دەوڵەتانی ئورووپایی بێت یان دەوڵەتی ڕووسیە، بۆ لابردنی گەمارۆکان ڕێگایەکی بێجگەلە سازش و تەسلیمبوون لە بەرامبەر ئەمریکادا نییە. بەڵام گفتوگۆ و سازان و تەسلیمبوونی کۆماری ئیسلامی، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی هەڵوەشانەوە یان کەمبوونەوەی گەمارۆکانیش ناتوانێ قەیرانی ئابووری کۆماری ئیسلامی چارەسەر بکات. چونکە گەمارۆکان تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری کۆماری ئیسلامییە. ئەم دەسەڵاتە لە زۆر بواری سیاسی، ئابووری و دەرەکیدا تووشی قەیران بووە. ئابووریی ڕژیم داڕماوە و وێرانی و پرتووکاوبوونی ژێرخانە ئابوورییەکان، قەیرانی سووتەمەنی، گرانی و هەژاری و بێکاری ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی خستووەتە مەترسییەوە. بەهای خۆراک و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکی بێکاری، هەژاری و برسیەتییە. هۆکاری دزی و گەندەڵییە. هۆکاری هەموو ئەو تاوان و نەهامەتییانەیە کە خەڵکی ئێران لەگەڵی بەرەوڕوون. ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە کە توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای نییە دەبێ بەدەستی خودی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بڕووخێت. تا ژیانیان ڕزگار بێت و هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵمژن

❋❋❋

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

## سەبارەت بە لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤

بۆ زیادکردنی گشتی حەقدەستەکان ڕاپەڕین و هەوڵی دژەکرێکاری دەوڵەت و خاوەنکاران پووچەڵ بکەینەوە!

لە بارودۆخی فەلاکەتباری ئێستادا بردنەسەری ئاستی حەقدەست بووەتە پێویستییەکی حەتمی. حەقدەستێک کە لەلایەن دەوڵەت، وەزارەتی کار، شۆرای باڵای کار و بە هاوکاری بەناو نوێنەرانی کرێکاران پەسند دەکرێت ناتوانێ خەرجی ژیانی چینی کرێکار دابین بکات. ساڵەهایە کرێکاران دژبەم هەژاری و نەهامەتییە ناڕازین و کارخانە و کارگە، ناوەندەکانی پەروردە و تەندورستی و تەنانەت شەقامەکانیان کردووەتە شوێنی دەربڕینی خواستەکانیان و بەردەوام داوای مافەکانیان کردووە

خەباتی بێ پسانەوەی خانەنشینان کە بەشێکی دانەبڕاوە لە چینی کرێکار، پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران لە ناوەندە جۆراوجۆرەکان و لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئێران نموونەیەکن لەو ناڕەزایەتییە ڕەوایانەی لە خواستی سەرەکییان بردنەسەری ئاستی حەقدەست و خزمەتگوزاری پیشەییە

بەڵام دەسەڵات لەماوەی ٤٦ ساڵدا، بەردەوام لە نەبەردی نێوان کرێکار و خاوەنکاردا، داکۆکیکاری بەرژەوەندی چەوسێنەرانەی سەرمایەداران بووە. چونکە لەلایەکەوە دەوڵەت خۆی گەورەترین خاوەنکارە و لەلایەکی دیکەوە سەرکردەکانی بەهۆی قورخکردنی دەسەڵاتی سیاسی، نەبوونی سیستەمی وڵامدانەوە، نەبوونی حسابڕەسی و کۆنترۆڵ و لەڕێگەی سەرکوت و گەندەڵییەوە بەشێکی زۆر لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و کاریان داگیر کردووە و هەر دەنگێکی مافخوازی بە کوشتار و زیندان و دەرکردن لەسەر کار وڵام دەدەنەوە. هەتا کاتێک کە خەبات و خۆڕاگری سەرتاسەری چینی کرێکار بۆ گۆڕینی چارەنووسی خۆی بەتایبەت بردنەسەری حەقدەست بەڕێوە نەچێت، بارودۆخی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت

کەسانێک کە هۆکاری هەژاری و نەهامەتی زۆرینەی خەڵک یانی ٩٠%ی دانیشتووانی ئەم کۆمەڵگایەن، نایانهەوێ و ناتوانن بەرەو چارەسەرکردنی بێبەشی و نەبوونی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش هەنگاو بنێن. لەم ڕووەوە کرێکاران دەبێ خۆیان بیر لە بەرژوەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆیان بکەنەوە. هێزە چینایەتییەکانی دیکە یان توانای ئەم کارەیان نییە و یان وەکوو دەوڵەت، خاوەنکاران و سەرمایەداران دژی بردنەسەری حەقدەستن و هەر بەم هۆیەشەوە دژی ئاسایش و خۆشبژێوی کرێکارانن. لەبەر ئەوەی بەرژەوندیان دژی بەرژەوەندی چینی کرێکارە. کرێکاران داهاتێکیان بێجگەلە حەقدەست نییە. ئەویش بەو مەرجەی کاریان وەگیر کەوێت

حەقدەستی کرێکاران هەمیشە چوار یان پێنج بەرابەر خوارتر لەو هەزینانە بوون کە بۆ ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکاری پێویستە. بۆ نموونە دوایین لانیکەمی حەقدەست کە دەوڵەت و شۆرای باڵای کار بۆ ساڵی ١٤٠٣ پەسندیان کرد بە هەموو خزمەتگوزارییەکانی پیشەوە، کە هەر ئەم خزمەتگوزارییەکەمانەش بە هەموو کرێکاران نادرێت، بڕی حەوت ملیۆن و چوار سەد هەزار تمەن بوو کە بە زەحمەت خەرجی یەک هەفتەی بنەماڵەیەکی کرێکاری لە ساڵی ١٤٠٣دا دابین دەکات. چونکە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان و ئەو بەڵگانەی واقعییاتی ژیانی کرێکاران نیشان دەدەن، مامناوەندی خەرجی بنەماڵەیەکی چوار کەسی لەم ساڵدا چل و پێنج ملیۆن تمەن لە مانگدایە




هەر بۆیە بە سەرەنجدان بە ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی قیمەتەکان و بەپێی پێشبینیی ڕێژەی تەوەرۆم لە ساڵی ١٤٠٤دا مامناوەندی خەرجی ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکاری مانگانە زیاتر لە ٦٠ ملیۆن تمەن دەبێت

بۆ بردنەسەری حەقدەست ڕێگایەک بێجگەلە خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەوڵەت، خاوەنکار و سەرمایەداران بوونی نییە. چونکە دەوڵەت و خاوەنکاران نەتەنیا هیچ ئیرادەیەک بۆ بردنەسەری حەقدەست لە خۆیان نیشان نادەن، بەڵکوو بە هەموو ئیمکاناتی یاسایی و نایاساییەوە هەوڵ دەدەن بە بیانووی بێبنەمای وەک "بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تەوەرۆم، پێویستی ڕەخساندنی هەلی کار، توانای کێبڕکێ و هاندانی سەرمایەدارەکان بۆ وەبەرهێنان" و یان هەر درۆیەکی دیکە، لە زیادکردنی حەقدەست ڕێگری بکەن. دەوڵەت بە شێوەی فریوکارانە و بێشەرمانە، پێدان و زیادکردنی هەر ئاستێک لە حەقدەستی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەنکار حەواڵە کردووە و ناوی ناوە "حەقدەستی تەوافۆقی". ئەوە بەو مانایەیە کە دەیهەوێ هەر ئەم یاسا دەست و پێ شکاوەی لانیکەمی حەقدەستیش دەور بداتەوە و کرێکاران بە بێ موقاومەت بچەوسێنێتەوە و یاسای تازەی بۆ پەسند بکات

کرێکارانی ئێران بە ئەندامانی بنەماڵەکانیانەوە نزیکەی ٦٠%ی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن. زیاتر لە ٨٠%ی بەرهەمەکانی کۆمەڵگا بەهەمی کاری کرێکارانە و کەمینەی سەرمایەدار ژیانی لە گرەوی چەوساندنەوەی چینی کرێکاردایە. حەقدەستی کرێکاران نابێ لە خەرجی بنەماڵەیەکی مامناوەندی شاری کەمتر بێت. هەروەک ئاماژەی پێکرا ئەم بڕە لە ساڵی ١٤٠٤دا بۆ بنەماڵەیەکی چوار کەسی نابێ مانگانە لە ٦٠ ملیۆن تمەن کەمتر بێت

دیاریکردنی هەر بڕێکی دیکە و هەر ڕێژەیەکی تر بۆ زیادکردنی لانیکەمی حەقدەست کە نەتوانێ هەزینەی واقعی کرێکاران دابین بکات بە مانای داسەپاندنی هەژاری بەسەر بنەماڵە کرێکارییەکاندایە

وەڕێخستنی کەمپەینەکانی ٧٠% شتێک نییە بێجگەلە هەوڵ بۆ فریودانی چینی کرێکار لەڕێگەی قسەی پووچ و بێبنەماوە. چونکە زیادکردنی ٧٠% (و تەنانەت ١٠٠%)ی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤ کە حەوت ملیۆن و چوارسەد هەزار تمەنە، بە حیساب کردنی خزمەتگوزارییە پیشەییەکانیشەوە، هیچ کێشەیەکی کرێکاران چارەسەر ناکات و بگرە هەژاری پەرەی پێدەدات

داوا لە هەموو کرێکارانی ناوەندەکانی پیشەسازی، خزمەتگوزاری، کشتوکاڵ، بیناسازی، کانگا، و یەکەکانی دیکەی کەرتی تایبەت و گشتی دەکەین کە لە شوێنەکانی کار و لەئاستی کۆمەڵگادا بۆ لانیکەمی حەقدەستێک کە بتوانێ ژیانی بنەماڵە کرێکارییەکان بە بێ نیگەرانی دابین بکات، خەبات بکەن

خاڵێکی بنەڕەتی دیکە کە نابێ لەبیر بکرێت ئەوەیە کە لە خەبات بۆ بردنەسەری حەقدەست هەروەک بوارەکانی دیکەی خەباتی چینایەتی، یەکڕیزی و یەکگرتوویی چینی کرێکار و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی (سەندیکا و ڕێکخراوە هاوشێوەکان)، ئەولەوییەتی سەرەکییە. خەباتی کرێکاران لە بوارە کۆمەڵایەتی - ئابوورییەکاندا بە تەنیا و بەبێ دەستکەوتی ڕێکخراوەیی ناتوانێت ئەنجامی خوازراو بەدەست بهێنێت. کەوابوو هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ خواستە ئابوورییەکان، دەبێ بانگەشە و پەروەردە و چالاکی کردەوەیی بۆ بنیاتنانی خەباتی سەربەخۆی سیاسی چینی کرێکار و ڕێکخراوەکانی بەڕێوەبچێت. چونکە خەباتی چینایەتی کرێکاران تەنیا ئەگەر بەشێوەی یەکگرتووانە و ڕێکخراو، لەسەر بنەمای ئامانجی کورتماوە و درێژماوەی چینی کرێکار و بە بەشداری بەرین و چالاکی جەماوەر بەڕێوەبچێت، شانسی سەرکەوتی دەڕواتە سەر

٢١ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

**سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسڕانیی تاران و دەوروبەر**

**سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی نەیشەکەری حەوت تەپە**

**گرووپی یەکیەتیی خانەنشینان**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینی خووزستان**

❊❊❊

# پەیامی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## بەبۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێ

لە سەروبەندی ساڵی تازەداین. خەڵکی کوردستان هەموو ساڵێ بەپێی سونەتێکی دێرین لە هەفتەکانی کۆتایی ساڵدا بۆ پێشوازی لە ساڵی تازە خۆیان ئامادە دەکەن. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی بۆنە و ڕێورەسم و جەژنەکانی سەری ساڵ و نەورۆز بەردەوام لەگەڵ بەربەستەکانی ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوونەتەوە. دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شادی و خۆشی خەڵک لە ئێران و کوردستان، هەوڵ بۆ پێشوازی کردن لە ڕێورەسمەکانی نەورۆزیشی کردووەتە بابەتێکی سیاسی

خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ سەرکوتگەرانی ڕژیم لە کوردستان، کۆماری ئیسلامی ناچار بە زۆر پاشەکشە کردووە. خەڵکی شار و گوندەکان لە سەرتاسەری کوردستان، ژنان و پیاوان و لاوان لە کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا ڕێورەسمەکانی جەژن و شادییان بەڕێوەبردووە و بەسەر ڕژیمیاندا سەپاندووە. ساڵی ١٤٠٣ لە کاتێکدا کۆتایی هات کە فەلاکەتی ئابووری ژیانی زۆرینەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگای بەرەو تەباهی بردووە. خەڵکی ئێران و کوردستان ئەمساڵ لە کاتێکدا پێشوازی لە ساڵی ١٤٠٤ دەکەن کە تەوەرۆم و بێکاری لە کۆمەڵگا لەوپەڕی خۆیدایە. نرخی کاڵا سەرەکییەکانی خەڵک یەکجار چووەتە سەرێ و زۆرێک لە شارە گەورەکان چەندین سەعات لە خامۆشی و قەتعی بەرقدا بەسەر دەبەن

نەورۆزی ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا جەژن دەگرین کە نارەزایەتی شکۆمەندی کرێکاران، خەباتی بەردەوامی خانەنشینان، مانگرتن و نارەزایەتی زیندانیانی سیاسی، هاواری مامۆستایان، خوێندکاران، پەرستاران و خەباتی بوێرانەی ژنان، لەئاستی کۆمەڵایەتیدا، سەرەتاپێی ئەم نیزامە سەرکوتگەرەی خستووەتە لەرزە. هاتنی بەهار نیشانەی ژیانەوەی سرووشت و تێپەڕبوونی سەرما و بەستەڵەکی زستانە. درێژەی خەبات و خرۆشی کۆمەڵگای بێزار و نارازیش نشانەی ئەوەیە کە تێپەڕین لە بەستەڵەکی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشبژێو لەسەر وێرانەکانی مومکین و عەمەلییە

با نەورۆزی ساڵی ١٤٠٤ لە سەرتاسەری کوردستان، سەرەڕای فشاری تەوەرۆم و گرانی، بە دەربڕینی شادی و بە پێشوازی کردن لە ژیان بکەینە گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕژیمی دژەشادی لە کوردستان و ئێران. وەرن با نەورۆزی ساڵی ١٤٠٤ بە وتنەوەی دروشمی نا بۆ ئێعدام، بژی ئازادی لە پەنا بڵێسەکانی ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ، بە سووتاندنی تەنافی ئێعدام ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسلامی بەچۆک دابێنین. نەورۆز ڕۆژی شادی و یەکریزی و پێکەوەبوونە. "نەوزرۆ" نە مەزهەبی، نە قەومی و نە نەژادییە. نەورۆز ڕۆژێکی نوێیە بۆ دەستپێکردنەوەیەکی نوێ. با لە ساڵی نوێدا هەوڵ و تێکۆشانمان یەکبخەین تا بە یەکگرتوویی و ئیرادەی خۆمان هەرچی کێشە و ئاستەنگی و نەهامەتییە کۆتایی پێبێنین

**بژی شادی ، نا بۆ ئێعدام، بژی ئازادی، بژی دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی**

**نەورۆزتان پیرۆز بێت و هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز بێت**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٢٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٤

١٢ی مارسی ٢٠٢٥

❊❊❊

# پەیامی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بەبۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێ ١٤٠٤

هاتنی ساڵی تازە و بووژانەوەی سرووشت لە گشت خەڵکی ئێران پیرۆزبایی دەکەین. حاکمانی ئیسلامی بەردەوام جەژنی نەورۆزیان بە ڕەقیبی بۆنە ئیسلامییەکان زانیوە و لەدژی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی سەری ساڵ هەڵسووکەوتیان کردووە. هەر بۆیە جەژنەکانی نەورۆز هەمیشە جۆرێک لە ئیعتراز لەدژی ڕژیمی ئیسلامی بووە و ئەمساڵیش سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و ئاستەنگییانەی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاوە، خەڵکی ئێران لەئاستێکی گشتی و بەریندا هەوڵ دەدەن بە بەڕێوەبردنی جەژنە مەیدانییەکان، هاتنی ساڵی نوێ ڕێزلێبگرین

بەڕێوەچوونی مەراسمەکانی نەورۆز لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت لە کوردستان و لوڕستان و هێندێک ناوچەی تری ئێران، کە لەم ڕۆژانەدا گەورەترین جەژنە نەورۆزییەکانیان بەرپا کرد، نموونەگەلێکن لە پارێزگاری کردن لە شادیی خەڵک لە بەرامبەر ئیدئۆلۆژیی مەرگ و ماتەمینی ٤٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا. ئەگەرچی هەژاریی گشتی بووەتە بەربەستێکی گەورە بۆ بەڕێوەبردنی هەموو سونەت و نەریتە نەورۆزییەکان، بۆ نموونە سەیران و گشتکردن و کڕینی جلوبەرگی تازە، بەڵام عەزمی ئێمەی بۆ درێژەی خەبات و بەردەوامبوون لە شادی و ژیان لە بەرامبەر سەرچاوەی سەرەکی هەموو نەهامەتییەکان کە خودی کۆماری ئیسلامییە، قایمتر کردووە

ساڵی نوێ لە کاتێکدا دێت کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین دۆڕاوی ساڵی ڕابردوو لە ناوچەکە بوو. لە ناوەوەش ڕژیمی ئیسلامی وەزعێکی باشتری نەبوو. پرۆژەی پزشکیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بەرەورووی شکست بووەوە و هەوڵی بۆ یەکگرتنی باڵ و باندە جۆراوجۆرەکانی ڕژیم لەژێرناوی "وەفاقی میللی" تووشی شکست بوو. ساڵی ڕابردوو لە هەمان کاتدا ساڵی خۆڕاگری و پەرەسەندنی خەباتی خەڵک بوو و هەیئەتی دەسەڵاتدار لە داسەپاندنی حیجابی ئیجباری بەسەر ژناندا شکستیان خوارد. ئەگەرچی هێستاش مۆرەکانی ڕژیمی ئیسلامی ژنان لە شەقام و شوێنە گشتییەکان ئازار دەدەن، بەڵام ڕژیم ناچار بوو لە بەرامبەر پێگەی دژەژنی خۆیدا دان بەوە دابنێ کە توانای بەڕێوەبردنی یاسایی "عیفاف و حیجاب"ی نییە. لەماوەی ساڵی ڕابردوودا کەمپەینی سێشەممەکانی نارەزایەتی لەدژی سزای دژەئینسانیی ئێعدام پەرەی سەند و گەیشتە ٣٨ زیندان. نارەزایەتیی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران و کرێکاران و خانەنشینان بەردەوام لەئارادا بوو و کۆماری ئیسلامی بە دەستگیری و ئەشکەنجە و سزادانی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و موحاکمەکردنیان لە بێدادگاکاندا هەوڵی دا بەرەنگاری نارەزایەتیە جەماوەرییەکان بێتەوە

ساڵی ١٤٠٣ لە کاتێکدا کۆتایی هات کە لەژێر سێبەری سیاسەتەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا هیچ ئاسۆیەک بۆ باشتربوونی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک بوونی نییە و هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لەم بارودۆخەدا لە گرەوی بەردەوامبوون و گەشەی خەباتی بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکاندایە. لە کۆتاییەکانی ساڵدا شۆرای باڵای کار، لانیکەمی حەقدەستی کرێکارانی هێندە کەم دیاری کرد کە تەنانەت توانای کڕینیان لە چاو سەرەتای ساڵی ١٤٠٣ش لاوازتر بووەوە و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەژاری و برسیەتی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە مانگرتن و نارەزایەتی بۆ کرێکاران نەهێشتەوە

لە سەروبەندی ساڵی تازەدا، ڕێز لە یادی هەموو ئەو ئازیزانە دەگرین کە لە ڕێگای ئازادی و یەکسانیدا گیانیان بەختکرد و خۆمان بە هاوڕێ و هاودەنگی هەموو بنەماڵە دادخوازەکان دەزانین. سڵاو و درود دەنێرین بۆ زیندانییانی سیاسی و ستایشی خەبات و خۆڕاگرییان دەکەین و لە خەباتمان بۆ ئازادی سەرجەم زیندانییانی سیاسی و ڕووخاندنی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار بەردەوام دەبین. ئێمە خۆمان بە بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، خوێندکاران، خانەنشینان، موعەلیمان و نەمانی ستەمی نەتەوەیی دەزانین و لەپێناوی یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونی ئەم بزووتنەوانە لە هیچ هەوڵێک دەریغ ناکەین.

با تێکرا هەوڵ بدەین نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاوی دەستپێکێک بێت بۆ یەکگرتوویی و هاوپشتی و پێشڕەویی زیاتری ئێمە و داسەپاندنی شکست و پاشەکشەی زیاتر بەسەر کۆماری ئیسلامیدا

**نەورۆزتان پیرۆز بێت**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٢٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە

## بەبۆنەی ماڵئاوایی لە ژیانی هاوڕێ محەممەد ئەفشارپوور ناسراو بە حەمە جۆڵا

بــە داخ و پەژارەیەکــی زۆرەوە بەیانــی ڕۆژی هەینــی ١٤ی مارســی ٢٠٢٥ بەرابــەر لەگــەڵ ٢٤ی ڕەشــەممەی ١٤٠٣ هاوڕێ محەممــەد ئەفشــارپوور پێشــمەرگە و ئەندامــی دێریــن و خۆشەویســتی کۆمەڵــە و حیزبــی کۆمۆنیســتی ئێــران لــە شــاری "ئێسکیلستونا" لــە وڵاتــی سوێد دوای ماوەیەکــی زۆر دەســت و پەنجــە نــەرم کــردن لەگــەڵ نەخۆشــی لــە تەمەنــی ٦٦ ســاڵیدا دڵــە گەورەکــەی لــە لێــدان کــەوت و بنەماڵــە و کەســوکار و هاوڕێیانــی داغــدار کــرد



هــاوڕێ محەممــەد لــە ڕێکەوتــی ١٠ی جۆزەردانــی ١٣٣٨ بەرابــەر بــە یەکــی ژۆئەنــی ١٩٥٩ لــە ئاوایی نۆدشــەی ســەربە ناوچــەی هەورامــان لــە بنەماڵەیەکــی زەحمەتکێــش و هەژاردا لەدایــک بــوو. هــاوڕێ محەممــەد هــەر لــە منداڵییــەوە بــۆ دابینکردنــی بژێــوی ژیانــی خــۆی و بنەماڵەکــەی، دەســتی کــرد بــە کاری جۆڵایــی کــە براکانیشــی هــەر ئــەم کارەیــان دەکــرد و لەگــەڵ ئــەوان بــۆ کار دەچــووە شــارە ســنوورییەکانی کوردســتان. پــاش ڕاپەڕینــی ســاڵی ١٣٥٧ی هەتــاوی و بەدەســەڵات گەیشــتنی کۆمــاری ئیســلامی، هــاوڕێ محەممــەد لــە ســاڵی ١٣٥٨دا لەگــەڵ یەکێــک لــە براکانــی لــە ناوچــەی هەورامــان بــە ڕیزەکانــی کۆمەڵــە پەیوەســت بــوو. ســاڵی ٥٩ی هەتــاوی لــە قۆناغــی دووهەمــی بزووتنــەوەی خەبــات و خۆڕاگــری خەڵکــی کوردســتان لــەدژی هێرشــی بەکرێگیراوانــی جەنایەتــکاری کۆمــاری ئیســلامی، لەگــەڵ پێشــمەرگەکانی ناوچــەی هەورامان درانــە ناوچــەی کامیاران و لــە مەســیری کرماشــان - کامیاران جێگیــر کــران. هــاوڕێ محەمــەد لــە کاری عەمەلــی و دەســتیدا کەســێکی زۆر بــە توانــا بــوو. لــە چارەســەرکردنی کێشــە و گرفــت و تەعمیــری چەکەکانــدا یارمەتــی هاوڕێیانــی پێشــمەرگەی دەدا و هــەر بــەم هــۆکارەش دواتــر درایــە بەشــی تەســلیحاتی مەرکــەزی کۆمەڵــە لــە ئــۆردوگای مالوومــە. پاشــان لــە ئینتشــاراتی کۆمەڵــە کار و چالاکییەکانــی درێــژەدا. هــاوڕێ محەممــەد کەســێکی ســادق، ســەمیمی و دڵســۆز بــوو و ئــەرک و کارە تەشــکیلاتییەکانی بــە هەســتی بەرپرســیارێتییەوە ئەنجــام دەدا. بەپــرس بــوون و ســەمیمییەت و دڵســۆزی هــاوڕێ محەممــەد، لەنــاو پێشــمەرگەکان و لەئاســتی تەشــکیلاتدا کردبوویــە کەســێکی خۆشەویســت و جێــگای متمانــە

هــاوڕێ محەممــەد لــە ســاڵی ١٩٩٢دا وەک پەنابــەری سیاسی لــە وڵاتی ســوێد وەرگیــرا و ژیانێکی تــازەی لەوێ دەســتپێکرد. لــە ســوێدیش هــەروەک تێکۆشــەرێکی کۆمۆنیســت چالاکی سیاســی خــۆی درێــژە پێــدا و هەتــا کۆتایی ژیانــی بــە ئارمانــی شــۆڕشــگێرانە و ئینســانی خــۆی وەفــادار مایــەوە. بەداخــەوە ســاڵانی کۆتایــی ژیانــی هــاوڕێ محەممــەد پــڕ لــە دەرد و ڕەنــج بــوو. بــە ماڵئاوایــی لــە ژیانــی هــاوڕێ محەممــەد، کرێــکاران و زەحمەتکێشــان یارێکــی دڵســۆزی خۆیــان لەدەســتدا

نوێنەرایەتیــی کۆمەڵــە لــە دەرەوەی وڵات بــە بۆنــەی کۆچــی هــاوڕێ محەممــەد، ئــەو ئینســانە ســەمیمی و فیــداکار و خۆشەویســتە، پــڕ بــە دڵ سەرەخۆشــی دەکات لــە بنەماڵــە و کەســوکار و هاوڕێیانــی و خــۆی بــە شــەریکی غەمیــان دەزانێــت. یــادی بــەرز و بەڕێــز بێــت


نوێنەرایەتیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دەرەوەی وڵات

٢٤ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

١٤ی مارسی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊





## پەیامی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسڕانیی تاران و دەوروبەر

## بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن

هەشــتی مــارس ڕۆژی جیهانیی ژن، هــێمای خۆڕاگری، هاوپشــتی و و هــەوڵ و خەباتــی ژنــان بــۆ دەســتەبەرکردنی دادپــەروەری و یەکســانییە. لــەم ڕۆژەدا دەستکەوتە گەورەکانــی بزووتنــەوەی ژنــان لــە بــوارە جۆراوجۆرەکانــدا جێــژن دەگرێــن و هــاوکات جەخــت لەســەر پێویســتی بەپەلــە بــۆ نەهێشــتنی نایەکســانی و جیــاکاری دەکەیــن

ژنــان هێــزی گرینگــی کۆمەڵــگا و شــوێنەکانی کارن کــە ڕۆڵێکــی بــێ بەدیلیــان لــە پێشــکەوتن و خۆشــبژێویی کۆمەڵــگادا هەیــە، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆر لە ژنان لەگەڵ بەربەستی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتــی، ئابــووری، یاســایی و کولتــووری بــەرەوڕوو دەبنــەوە. ئەرکی ئێمە وەک کۆمەڵگایەکــی هوشــیار و یەکگرتــوو، پشــتیوانی کــردن لــە مافی یەکســانی هەمــوو ژنانە

ئێمــە وەک ســەندیکای کرێکارانــی شــیرکەتی واحــد، ستایشــی خەبــات و تێکۆشــانی بێپســانەوەی ژنانــی کرێــکار دەکەیــن لەپێنــاوی باشترکردنــی بارودۆخــی ژیــان و کاریانــدا. وە لەســەر بەڵێنمان بــۆ پشــتیوانی لــە مافی کامڵ و بــێ شــەرت و مەرجی ژنان تەئکیــد دەکەیــن. ئێمــە لەســەر ئــەو باوەڕەیــن کــە عەداڵەت و یەکســانی نەتەنیا ئاواتێکــی دوورەدەســت نییــە بەڵکــوو مافێکە کــە دەبــێ هەمــوان لێــی بەهرەمەنــد بــن.

هەروەهــا، بەبۆنــەی ڕۆژی جیهانیی ژنــەوە بــۆ جارێکــی تــر خوازیــاری هەڵوەشــاندنەوەی حوکمــی زاڵمانــەی ئێعــدام بــۆ بەندکــراوان لەوانــە شــەریفە محەممــەدی، وریشــە مــورادی و پەخشــان عەزیــزی و خوازیــاری ئازادیــی بــێ شــەرت و مەرجــی ڕەیحانــە ئەنســاری نــەژاد، ئانیشــا ئەســەدوڵڵاهی، نەســرین جــەوادی، گوڵــڕوخ ئیرانــی و هەمــوو ژنانــی بەندکراویــن کــە بەهــۆکاری ســنفی، سیاســی و عەقیدەتــی گیــراون

بەهیــوای ئــەو ڕۆژەی هــەڵاواردن، ســتەمی ڕەگــەزی و باقیــی شــێوەکانی ســتەم و ســەرکوت بەیەکجــاری نەمێنێــت و چینــی کرێکار و هەمــوو ئینســانە دادخوازەکان، بەبــێ هیــچ جــۆرە بــێ عەداڵەتــی و چەوســانەوەیەک، لــە جیهانێکــی ئــازاد و یەکســاندا بژیــن

بژی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن!

ڕزگاریی ژن ڕزگاریی کۆمەڵگایە!

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسڕانیی تاران و دەوروبەر

١٨ی ڕەشــەممەی ١٤٠٣ی هەتــاوی بەرابــەر لەگــەڵ ٨ی مارســی ٢٠٢٥ی زایینــی

❊❊❊

# بەیاننامەی هاوبەشی

## سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی نەیشەکەری حەوت تەپە

## گرووپی یەکیەتی خانەنشینان

## کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

## کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

# بۆ ڕێزگرتن لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

**وەرە با ناوی خۆمان هەزاران جار لەسەر لەوحی ئازادی بنووسین!**

لەو کاتەوە کە ژنانی کرێکاری ڕستن و چنینی نیویۆرک، ساڵی ١٨٥٧، لەدژی بارودۆخی دژواری کار، حەقدەستی کەم، سەعاتی کاری زۆر و ستەمی چەند بەرابەر، شەقامەکانی نیویۆرکیان بە خۆپیشاندانی خۆیان خستە لەرزە، زیاتر لە سەدە و نیوێک تێدەپەڕێت. بەڵام خەباتی سەرتاسەری و هاوبەش بۆ ڕزگاری لە نایەکسانی، هەڵاواردن، هەژاری، توندوتیژی و سەرکوت لە ئاستی جیهاندا هەروا بێ پسانەوە بەردەوامە. ئەمساڵ لە کاتێکدا ڕۆژی جیهانیی ژن ڕێز لێ دەگرێن کە ژنانی ناڕازیی ئێران، هەروا لێبڕاوانە و بوێرانە لەدژی ستەم و سەرکوتی بەرین و سیستەمی دژەژن وەستاونەتەوە و لە بەامبەر لەشکری سەرکوتگەرانی تاریک بیر، لە بەرامبەر حوکمی ئەشکەنجە و زیندان و لە بەرامبەر حوکمی کۆنەپەرستانەی ئێعدامدا، بە بەهای گیانیان پاشەکشەیان نەکردووە. لە بەرامبەر خەبات و خۆڕاگریی ژناندا بەتایبەت لە ئاخێزی شکۆمەندی ژن، ژیان، ئازادییەوە، دەسەڵات سەرکوتی هەمەلایەنەی پەرەپێداوە. بەڵام ژنان و کچانی تێکۆشەر و هوشیار و ئازادیخوازی وەک نیکاکان، سارێناکان، و حەدیسەکان، هەروا بێباکانە خوازیاری ژیانێکی خۆشبژێو، ئازادی و شادی بۆ کۆمەڵگاکەیانن.

ژنان بە ئەزموون کردنی هاوکاتی ستەم و چەوسانەوە، توانا و پۆتانسیەلی بەرەنگاربوونەوە و خەباتیان لە بەارمبەر بارودۆخی زاڵمانەی ئێستا، لە هەموو بوارەکاندا بەرەو کرداری کۆمەڵایەتی پاڵ پێوەناوە. ئەو ژنانەی کە پێ بە پێی بزووتنەوە سەرتاسەرییەکانی ئێستا لەوانە بزووتنەوەی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، پەرستاران، خوێندکاران و هیتر، لە ڕیزی پێشەوەدا و لە هەموو بوارەکاندا بەشدارییەکی چالاکانە و کاریگەریان هەیە و لە بواری داخوازی و بێمافییە بێشومار و تایبەتەکانی خۆیاندا بەردەوام لەدژی بارودۆخی نایەکسان و پڕ لە هەڵاواردنی زاڵدا خۆڕاگرییان نواندووە و "نا"یەکی بەهێزیان وتووە

لە بواری هەژاری و بێکاری، دەرکردن لەسەر کار و لە دەستدانی پیشە و داسەپاندنی حەقدەستی یەکجار کەم و نابەرابەر لە بری کاری یەکسان، هەروەها لە بواری دامەزراندن و خانەنشینی و ماف و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان بارودۆخێکی خراپتر لە پیاوانیان هەیە. پێنەدانی خزمەتگوزاریی عایلەمەندی بە ژنانی خانەنشین و سەرپەرست نموونەیەکە لەم هەڵاواردنانە. هەروەها پێگەی نابەرابەری ژن و پیاو لە بواری جیابوونەوە، ئاگالێبوون و پەروەردەکردنی منداڵ، سەرپەرستی بنەماڵە، چەند هاوسەری و سیغە، هاوسەرگیری منداڵان و دیاردەی "منداڵ هاوسەری" و "منداڵ دایکی"، سزاگەلی وەحشیانەی سەدەکانی ناوەڕاست، حیجابی زۆرەملێ، نابەرابەری لە بواری میرات، لە بواری شایەدی و دادوەری، مافی سەفەر و کار کردن، هەڵبژاردنی پیشەی دڵخواز، چالاکیی هونەری و وەرزشی، چوونەسەری ڕێژەی کارەساتباری ژنکوژی




و قەتڵی ناموسی و هیتر، بەشێکە لەو زوڵم و ستەمەی لە ژنان دەکرێت. کاری چەند هێندە و قورسایی کاری کۆیلەئاسای ناو ماڵ کە دەوڵەتەکان ئەم ئەرکەی خۆیان خستووەتە سەر شانی ژنان و لەو ڕێگەوە خۆیان لە بەرپرسیارێتی و تێچووی خزمەتگوزاری بە کۆمەڵگا دزیوەتەوە، فشاری هەژاری و فەلاکەتی داسەپاو بەسەر بنەماڵە زەحمەتکێشەکان بەهۆی حەقدەستی یەکجار کەم، بێکاری و لەسەر کار دەرکردن، هەڵاوسانی بێسنوور و گرانیی کەمەرشکێن، بەردەوام زیانی جەستەیی و دەروونیی قەرەبوونەکراوە بە ژنان دەگەیەنێت. بەهۆی پشتیوانیی یاسا و شەرعی پیاوسالارانە، چوونەسەری ئاماری توندوتیژی، خۆکوژی، ژنکوژی و قەتڵە نامووسییەکان گەیشتووەتە ئاستێکی کارەساتبار. دەوڵەت و ئایین و هێزە کۆنەپەرستەکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان جەستەی ژنیان خستووەتە بەندەوە و کردوویانەتە کاڵا و ژنانیان لە مافی خاوەندارێتی و بڕیاردان لەسەر جەستەی خۆیان بێبەری کردووە. لەلایەکی دیکەوە زەوتکردنی ئازادی، داسەپاندنی بەربەست، سەرکوت، دەستبەرسەرکردن و بەندکردنی ژنانی ناڕازی و تێکۆشەریش هەروا بەردەوامە

لەئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی بەندکراو چ سیاسی و چ ئاسایی بۆ نموونە زەینەب جەلالیان، ڕەیحانە ئەنساری نەژاد، سپیدە قۆلیان، ناهید خوداجوو، ناهید شیرپیشە، ڕاحلە ڕاحمی پوور، نەسرین جەوادی، ئانیشا ئەسەدوڵڵاهی و هیتر لەژێر بارودۆخێکی دژەئینسانی و بێ مافیی تەواودا لە دەستڕاگەیشتن بە ئیمکاناتی دەرمانی، لە چاوپێکەوتن بە کەسوکاریان و لە پەیوەندیی تەلەفونی بێبەری کراوان. هەروەها ژمارەیەکی تر لە ژنانی زەحمەتکێشی دیکە لەوانە شەریفە محەممەدی، پەخشان عەزیزی، وریشە مۆرادی حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و گیانیان لە مەترسیدایە. هاواری ژنانی بەندکراو و مانگرتنی ئەوان لە نارەزایەتی دژبە ئێعدامی بێشوماری بەندکراوان، لە زۆرێک لە زیندانەکانی شار و ناوچەکانی ئێران دەنگی داوەتەوە و لە هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام"دا یەکیان گرتووە.

ژنانی هوشیار و بەئیرادە نیشانیان داوە کە سەرەڕای هەوڵی سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتەکان و دەوڵەتانی سەرمایەداری و کۆنەپەرست و پیاوسالار، هێزێکی کاریگەر و لێبڕاون لە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگادا. چونکە ژنان نیوەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن و بە هیچ دەسەڵاتێک ناسڕدرێنەوە

ئەم هێزە مەزنە چ لە ئاستی جیهاندا و چ لە ئێران هەتا دیاریکردنی نهایی چارەنووس و ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی بە یەکگرتوویی و هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و ڕادیکاڵەکانی کۆمەڵگا و هەموو خەڵکی چەوساوە، لە خەبات دەست هەڵناگرێت!

**پیرۆز بێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن!**

**پڕدەنگ بێت پەیامی ئازادیبەخشی ٨ی مارس!**

ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی

❊ ❊ ❊

# شێعر

## بەهار و کچ

ئەو کاتەی کە با ، شنەی هەڵ ئەکا
بارانی بەهار ، سەمای بۆ ئەکا
سەوزە سەر دێنێ ، قەژی باز ئەکا
باران ئەیشۆرێت ، با شانەی ئە کا
چرپەی پێت لە گوێم ، لە نم نم باران
بۆنی تۆی هێنا شنەی بەهاران
بەفراو کەوتە ڕێ ، دڵ چیای دڕی
گوڵ لە هەمۆ ڕەنگ ، سەری هەڵبڕی
جریوە جریو ، مەلی بە هار ی
قاسپە قاسپی کەو ، شاخ کوردەواری
دەمو لێوەکەت ، گوڵاڵە سووره
زوڵفە لوولەکەت ، چەپکەی چنووره
بۆ ئەوەی سروشت ، جل و بەرگ گۆڕێ
پەڵەی هەوری ڕەش ، بەر هەتاو ئەگرێ
بە هارە و هاژە ، چەم ڕێگا ئەبڕێ
تا لە دڵ دەریا ، ئوقرەیەک بگرێ
بەفری سەر چیا ، سپی وەک ڕوومەت
هارە و هاژەی چەم ، لەرزەی پامووڕەت

***

لە نا مونتەنای ، ئاسمان شینەوە
مەلان لە کۆچی ، زستان دێنەوە
ئەگرا بەهارە ، ئەگرا بەهارە
چاوە ڕێ ی هاتن ، یاری نازدارە

***

گوڵاڵە سوورە ، یا کوو لێوی تۆ
شەپۆلی دەریا ، یا چین قژی تۆ
شنەی بای بەیان ، یا هەناسەی تۆ
بەفر لە چیا ، یا سەر سینگی تۆ
لەنجە و لاری کەو ، یا ڕویشتەنی تۆ
هارە و هاژەی چەم ، یا پامووڕەی تۆ
هەوری ڕەش بلێم ، یا کوو زوڵفی تۆ
برووسکە و چەخماخ ، یا ئاوری تۆ
مزگێنی بۆ مەل ، یا بۆ ئاشق تۆ

***

سەرم لێ شێوا ، ئەمن لەم ناوا
تۆ وەک بەهاری ، یا بەهار وەک تۆ ؟!!

ئیبراهیم حەیدەری .

***




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێواره
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧